# بەشی سێیەم

## پەیوەندییەکانی تورکیا - ئیسرائیل لەنێوان ساڵانی

## ( ٢٠٠٨-٢٠١٥ )

## " ماوەیەکی تاریک لە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکاندا "

سەرەتایەك:

لەگەڵ ئەوەی لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٨)دا، پەیوەندییەکی باش لەنێوان تورکیاو ئیسرائیلدا هەبووە، بەڵام هەر لەسەرەتای هاتنی ئاکپارتییەوە پەیوەندییەکە ساڵ بەدوای ساڵ بەرەو پاشەکشە چوو. هەر دوای بردنەوەی ئاکەپە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی(٢٠٠٢) ئەردۆگان ڕەتی کردەوە چاوی بەباڵوێزی ئیسرائیل بکەوێت لەوڵاتەکەی، پاشان هەموو باڵوێزو نوێنەرانی وولاتانی عەرەبی کۆکردەوەو، پێی وتن کە: سیاسەتی تورکیا نزیکبونەوەو کرانەوەیە بەڕووی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دا، لەجەنگی لوبنانی(٢٠٠٦)دا تورکیا هەنگاوەکانی وەکو وڵاتانی عەرەبی و دژی ئیسرائیل بو، لەمەسەلەی ئابڵوقە خستنە سەر غەززەو بۆمبارانکردنی لەلایەن ئیسرائیلەوە، لەهەموو ئاستەکاندا تورکیا یارمەتیو کۆمەکی فەلەستینی کردوەو، لەکۆنگرەی داڤۆس (Davos)یش، ئەردۆگان ساڵی (٢٠٠٩) سەرەتای ناکۆکیەکی قووڵی لەگەڵ ئیسرائیل دەست پێکرد پاشان تورکیا ڕۆڵێکی باشی گێڕا لەچارەسەکردنی قەیرانی سیاسیی لوبنان ساڵی (٢٠٠٩). ئینجا ساڵی

(٢٠١٠) ئیسرائیل تەقەی لەکەشتیی ئازادیی کرد، کەتورکیا بەکۆمەڵێك هاوکاری مرۆیی و پزیشکیەوە ڕەوانەی کەرتی غەززەی کردبو. سەرەنجام بەتوندی گرژی کەوتە نێو پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان. گەیشتە ئەوەی باڵوێزی ئیسرائیلی لەساڵی (٢٠١١) بنێرنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

لەم بەشەدا، باس لەگۆڕانکارییە هەرێمایەتیەکان و سیاسەتی تورکیاو ئیسرائیل ئەکەین لەدوای ساڵی (٢٠٠٨)ەوە، لەتێکچونی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل ئەکۆڵینەوە، کەتا ئاستی پچڕانی تەواوەتی و هەڕەشەی هەرێمایەتی گەیشتوە، بەگشتی ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٥) لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی چۆڵ و تاریکە لەپەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، گۆڕانکاریی و بابەتی گەرم گەرمی جیهانی و نێوچەیی لەو ماوەیەشدا ڕوویانداوە، وەکو: بەهاری عەرەبی، قەیرانی داعش، قەیرانی ئابوریی و دابەزینی نرخی نەوت، هاتنی ڕووسیا بۆ سوریاو دەریای ناوەڕاست.

## ٤-١. گۆڕانکاریی؟. لەسیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی تورکیاو ئیسرائیلدا

### ٤-١-١. بەرەو پێشچون لەسیاسەتی تورکیا

بەپێی چەندین توێژینەوەی سەرەکی، کە پاڵپشتی ئەم پرۆسەی نوسینەی ئێمە ئەکەن: تورکیا لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی حزبی دادوگەشەپێدان لەماوەی (٢٠٠٢-٢٠١٥) بە (٣) قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەمیان، هاتنە سەرکاری فەرمانڕەوایەتی و داڕشتنی پلانێکی ئابوریی تۆکمەو، سیاسەتی سفر کردنەوەی کێشەکانە لەگەڵ جیهانی دەوروبەر، بەو نیەتەی کەتورکیا تەواوکاریی (تکامل- Integration)ێکی ئیقلیمی بکات. لەقۆناغی دووەمدا بوژانەوەی ئابوریی و جێبەجێکردنی سیاسەتی تازەی ئاکپارتی بو لەناوچەکەدا کە تا ساڵی (٢٠٠٩) بڕی کرد، قۆناغی سێهەم، لەدوای (٢٠٠٩)ەوە دەست پێدەکات، هەنگاوەکانی پاشەکشێ کردن و کورتهێنانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە، بەهۆکاری جیاجیا:

بۆنموونە: هەر لەسەرەتاوە تورکیا گرفتی مێژوویی قووڵی لەگەڵ ئەرمینیاو یۆنان هەبوە، لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی سفرکردنی کێشەکانی ئاکپارتی، حکومەتی تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریا و ئێران ئاسایی کردەوە، لەهەمان کاتدا تووشی تەڵەزگەیەکی تر بو کە ئیسرائیلە لەسەر مەسەلەی غەززەو فەلەستین. گرفتەکانی ئەنقەرەو تەلئەبیب لەسفرەوە گەیشتە سەت، ئەمریکاش لەو نێوەندەدا پاڵپشتی ئیسرائیلی هەڵبژارد. ئینجا بەسەر هەموو ئەمانەدا، بەهاری عەرەبی لە ساڵی (٢٠١١) ڕوویدا، کە بۆ تورکیا چاوەڕوان نەکراو بو!. بۆیە هەتا پرشی شۆڕشەکە گەیشتە سوریا و بەدوایشیدا قەیرانی داعش سەریهەڵدا، لەماوەی ئەو (٤) ساڵەدا هەڵوێستی تورکیا تەنها ئیحراجی بووەو، لە تەواوی ناوەندە جیاجیاکانی جیهانەوە هێرشی جۆراوجۆر کراوەتە سەر کاراکتەرە سیاسییەکانی ئاکپارتی. ئەوە بێجگە لەوەی ئەو هاوڕێیەتیەی لەگەڵ سوریاو ئێران دروستی کرد لە قۆناغی یەکەمی کارەکانیدا، بە دوژمنایەتی بۆی شکایەوە. ئەوسا مەسەلەی (قوبرس)یش وەك گرفتێکی دەرەکی لەنێوان تورکیاو یەکێتی ئەوروپادا بەهەڵواسراویی ماوەتەوە.

لەڕووی نێوخۆییەوە، بەگشتی تورکیا (٢) شەکەت بووە بەدەست دوو پرسی سەرەکییەوە، کە بەدرێژایی سیستەمی حوکمڕانیەکەی وەك نەخۆشییەکی درێژخایەن لەگەڵیدا ئەڕوات و،لێکەوتەی دەرەکیشیان هەیە،یەکەمیان، چارەنووسی کورد و، دووهەمیان: گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسی و ڕادیکاڵ لە تورکیا.

**٤-١-١-١. چارەنوسی کورد**

ساڵی(٢٠٠٧) پەیوەندیی نێوان تورکیاو عێراق، باشبونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، هەر لەو سۆنگەیەوە پەیوەندییەکانیش لەگەڵ کوردوستانی عێراق بەرەو باشبون ڕۆیشت. مەلەفی عێراق لەسوپای تورکیاوە گواسترایەوە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە. بۆئەوەی بەئاسانی ئاڵوگۆڕی زانیاری هەواڵگریی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکاندا بکەن. تورکیا پاشەکشەی کرد لەهەڕەشەکانی بەرانبەر بەپەکەکە (Kirsici,2007.P.33). لەنێوان ساڵی (٢٠٠٧-٢٠٠٨)دا تورکیا حوکمی زاتی کوردیی لەعێراق بەفەرمی ناسی و، قونسوڵخانەی خۆی لەهەولێر کردەوە، حکومەتی هەرێم هاوکاری پەکەکەو تورکیای کرد تاوەکو ڕێك بکەون. پەیوەندییەکی بەهێزی سیاسیی و دیبلۆماتی و ئابوریی یەك لەدوای یەك لەنێوان هەولێر- ئەنقەرە دامەزرا. ساڵی (٢٠١١) سەرۆك وەزیرانی تورکیا "ئەردۆگان" سەردانی هەولێری کرد، بەپێی ئامارەکان لەساڵی (٢٠١٠)دا (٧٣٠) کۆمپانیای تورکی لەهەرێمی کوردوستان بونیان هەبوە، لە سەرەتای (٢٠١٢) ژمارەکە گەیشتۆتە (١٠٢٣) کۆمپانیای کار لە هەرێمی کوردستان (Zanotti,2011,P.31).

**سالی (٢٠٠٩) ئەنقەرە لەپرۆسەیەکدا دوور لەچاوی میدیاکان لەگەڵ پەکەکە لەئۆسلۆ دانوستانیان دەست پێکرد، کە هەردوولا هێرشەکانیان بۆسەر یەکتر کەم بکەنەوە. ئەم دەستپێشخەرییە بەهۆی هەڵبژاردنی سالی (٢٠١١)ەوە سەرکەوتوو نەبوو. لەسالی (٢٠١٢) هەردوولا گەیشتنە ئەو ئاستە لەتێگەیشتن، کەئەزمونی شەڕ هیچ لایەکیان ناگەیەنێتە سەرکەوتنی یەکجارەکی، بۆیە لەکۆتایی (دیسەمبەری ٢٠١٢)دا ئەردۆگان ڕایگەیاند، ئاژانسی هەواڵگریی تورکیا (MIT) هەڵئەسێت بەگفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردەی زیندانیکراوی پەکەکە لەدوورگەی ئیمراڵی، تاوەکو هەوڵ بدات پەکەکە چەك دابنێت و لەخاکی تورکیاش بچێتە دەرەوە. پاشان بۆ یەکەمجار ڕێگەیاندا نوێنەرە کوردەکان لەپەرلەمانی تورکیا سەردانی "ئۆجەلان" بکەن لەئیمراڵی** (International Crisis Group,2014,p.3).

**چەند هێڵێکی گشتی لەڕێککەوتنی نێوان ئۆجەلان و میت (MIT)دا خرایە بەرباس، کە: پەکەکە ئاگربەست ڕابگەیەنێت "چەندین جار پەکەکە تاکلایەنە داوای ئاگربەستی کردووە"، ئەو دیلە تورکانەی لای پەکەکەن ئازاد بکرێن، لەباکوری عێراق بکشێنەوەو قەندیل چۆڵ بکەن. لەبەرانبەردا تورکیاش یاسایەکی تازە دەرئەکات بۆ ئەوەی پێناسەی تیرۆر لەولاتەکەی بگۆڕێت، وەسەدان چالاکوانی کورد کە لەزیندانەکانی تورکیان ئازاد ئەکرێن.. بۆ ئەم مەبەستە پەکەکە لە(ئازاری ٢٠١٣) بڕیاری ڕاگرتنی شەڕیدا. ژمارەیەکی زۆر لەچەکدارەکانی خۆی لەخاکی تورکیا کشاندەوە** (Zanotti,2011,P.21).

**دوای ئەوەی داعش لەعێراق و سوریا دەرکەوت، پەکەکە لقێکی سەرەکی خۆی لەسوریا بەناوی (پارتی یەکێتی دیموکراتی) جێگیر کردو، لەڕووی سەربازیی و لۆجستییەوە شوێن پێی خۆیان لەناوچە**

کوردستانیەکانی سوریا بەهێزکرد، ئەنجومەنی خۆجێیان دروستکرد. باڵی سەربازیی پەکەکە لەسوریا (یەپەگە) بەپێش چاوی جیهانەوە نیشانیاندا کە یەکەمین هێزن توانای ڕووبەڕووبونەوەی گروپی تیرۆریستی داعشیان هەبێت. گرژیی و ئالۆزیی لەکۆتایی (٢٠١٤)دا کەوتەوە نێوان تورکیاو پەکەکە، لەسەر ئەوەی تورکیا دژی کوردەکانی سوریا یارمەتی داعش و ئۆپۆزسیۆنی سوری ئەدات. بەمەش لەسەر مەسەلەی" کۆبانێ" فشارێکی سیاسی و میدیایی جیهانی کەوتە سەر ئەردۆگان (International Crisis Group,2014,p.38).

بەملیۆنەها کورد دژی حکومەتی ئاکپارتی خۆپیشاندانیان کرد. کورد بوو بەتۆپیکی سەرەکی لەناونیشانی میدیا جیهانیەکانداو، بۆ یەکەمجار کورد وەکو حزب (هادەپ) بۆ هەڵبژاردنی (حوزەیرانی ٢٠١٥) لیستێکی دروستکرد، توانی (٨٠) کورسی پەرلەمانی بەدستبهێنێت و، بەربەستی (١٠٪) تێپەڕێنیت . ئەمەش بووە هۆی کەوتنی ئەردۆگان و، شێواندنی خەونەکانی. ئەدمۆسفیرێکی وا دروستبو کە مەترسی ئەوەی لێدەکرا کە لەتورکیا کودەتایەکی تر لەلایەن سوپاوە ڕوبدات "وەکو لەبەشەکانی ڕابردوو باسمان کرد". بۆیە دووبارە شەڕ لەگەڵ پەکەکە دەستی پێکردەوەو، ئاگربەست شکێنرا. کەبەهۆی بۆردومانی فرۆکە ئاسمانییەکانی تورکیاوە دەیان کەسی مەدەنی کورد کوژران (International Crisis Group, 2014, p. 38).

## ٤-١-١-٢. هەڵکشانی ئیسلامی سیاسی و ڕادیکاڵ لەتورکیا

بەشێوەیەکی گشتی، ئیسلامی سیاسی لەسەر بنەمای قورئان و ئیمان و وەحی بیر ئەکەنەوەو، ئەم دیدەش لە ئەکەنە نەواتێك بۆ کۆمەڵگەو سیستەمی سیاسیی. ئیسلامی سیاسیی وەك ئەستێرەیەك

لەئاسمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناوچەکە، لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت. کاتێك ئایدۆلۆژیای خۆرئاوایی و" ئیشتراکیەتی قەومی و عیلمانی عەرەبی" یش لەناوچەکە هەرەسیان هێنا، سەرەنجام بۆشاییەکی ئەوتۆ بۆ گروپ و هێزی ئیسلامگەرای سیاسی لەناوچەکە دروستبو، کە تا بێت بەهێزتر بن ( Yavuz, H, 2009, p. 34).

لەمیانەی جەنگی ساڵی ١٩٦٧ی عەرەب ئیسرائیلەوە، هەر یەك لەمیسرو سوریاو ئەردەن جەختیان کردەوە کە ئیسرائیل و جولەکە خاکی عەرەب و موسڵمانانیان داگیرکردووە، وەختێك شای ئێرانیش لە(١٩٧٩) ڕووخا، ئەوەندەی تر هاوکێشەکە گەرمتر بو، بەدوایدا شەڕی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە کرا، ئیتر ویژدانی نەتەوەیی و موسڵمانانێتی جیهانی عەرەبی خرۆشانی بەخۆیەوە بینی، شەریعەتیان کرد بەڕێبازو، گوتیان "ئیسلام چارەسەرە- بأن الاسلام هو حل". بەرەنجامی ئەمانەش(١١ی سێپتەمبەری٢٠١١) کەوت بەسەردا، ئیتر بەیەکجاری وای لەناوەندەکانی توێژینەوەو بیرکەرەوەی سیاسیی خۆرئاوا کرد، بە قووڵی بیر لەمەسەلەی ئیسلامی سیاسی و ئەو بارودۆخە بکەنەوە کە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتۆتە ئاراوە.

زیاتریش، ئەمریکیەکان ئەیانەوێ لەمەولا تێبگەن، ئەوانە کێن هێرش ئەکەنە سەر نیشتمانەکەیان؟. بەتایبەتی لەبارەی ئیسلامی سیاسیی و ڕادیکاڵەوە بزانن و چارەسەریی بۆ بدۆزنەوە، ئایا ئەوە شتێکی ڕاستەقینەیە کەئیسلامی میانەڕەو و مۆدێرن بنەماکانی دیموکراسیەت و یەکتر قبوڵکردن و مافەکانی مرۆڤ پەسەند ئەکەن؟. لەواقیعدا هەندێ لەچاودێران لایانوایە، ئیسلامی سیاسیی وەك بزوتنەوەیەك لە

سەروبەندی جەنگی ساردا بەشێکە لە سیاسەتی سۆڤێتی و هەڕەشەیە بۆ سەرئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا"وە بەپێچەوانەشەوە". بەڵام بەگشتی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەماوەی جەنگی سارددا وای ڕوانیوەتە ئیسلامی سیاسیی و ناسیۆنالیزمی عەرەبی کە بەشێکن لەنفووسی یەکێتی سۆڤیەت (Yafuz, H, 2009, p. 38).

بۆ بەرگریگردن لەو پرۆژە ئیسلامیستەی کەهەیە، ڕێکخراوی "ئیخوانو لموسلمین" وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی سیاسی لەهەموو ڕۆژهەلاتدا پەلی کێشاو بلاوبۆیەوە، لەگەڵیشیدا شکستی سیستەمە سیاسییە ڕۆژهەلاتییەکان باشترین زەمینە بو، کە جەماوەری ئەو ولاتانە ئیسلامی سیاسیی وەك ئەلتەرنالتیڤ هەڵبژێرن ( Morsi, 2015, p, 52). لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانرێت جەماوەرییبونی هێزە ئیسلامییەکان بە توانایەکی ئاینی لێك بدرێتەوە.

بەم شێوەیە، نەخشەی هێزی بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەتورکیادا، ئەکرێت پۆلێن بکەین بۆ (٤) چوار ئاستی سەرەکی:

ئاستی یەکەمیان، ئیسلامی سیاسییە، کەداهێنەرەکەی " نەجمەدین ئەربەکان"ە، کاتێك ساڵی (١٩٧٠)"پارتی نیزامی وەتەنی" دامەزراند، ئەوە یەکەمجارە تورکیا حزبێکی ئیسلامی سیاسیی لەسەر بنەمای شەریعەت بەخۆیەوە ببینێ، لەناو سیستەمێکی عیلمانیدا، بۆیە لەلایەن دادگاوە دوای یەك ساڵ لەکارکردن حزبەکە داخرا، ئەربەکان ئەیویست حزبێك دروست بکات کتومت لەسەر بنەمای ئیسلامێکی ڕاستەقینە بێت، وە هەوڵیش بدات بگاتە دەستەلات. سووربو لەسەر پەیامەکەی، بۆیە بەدوایدا حزبی "ئاشتی نیشتمانی" و "حزبی ڕەفاه" و "حزبی فەزیلە" و "حزبی سەعادەت"ی دامەزراند، بەرەنجامی شکستی ئەو تاقیکردنەوانە کەبۆ موتوربەکردنی دەستەلات لەسەر ئیسلامی

ڕاستەقینە کرا، حزبی دادوگەشەپێدان لەئەندامە جیابوەوەکانی ئەو حزبانە پێکهات، بەباکگراوەندێکی ئیسلامی، بەڵام سیاسەتێکی مۆدێرن و لیبراڵ (Morsi, 2015, p, 59).

دووەمین ئاستی ئیسلامی لەتورکیا، بریتین لەئیسلامی سۆفی و تەریقەت، کە بەئیسلامێکی کۆمەلایەتی و ڕۆحی ناسراوە، گرنگترین جموجولێشیان بزوتنەوەی نور"نورجولار-Nurcular". کەئیلهام لەشێخ سەعیدی نەورەسی"بەدیعو زەمان"ەوە وەرئەگرن و، لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەکەی بەدیعو زەماندا جەخت لەیەکتاپەرستی و ئیمان ئەکەنەوەو ململانێی فکریی ئەکەن لەگەڵ ئەوانی تردا (Morsi, 2015, p. 65). ئەمانە خۆیان لەکاری حزبی و سیاسیی بەدوور گرتووە، بەڵام لایەنگرانیان بەشدارییەکی کارایان هەیە لەهەڵبژاردنەکاندا بۆ سەرخستنی ئەو کاراکتەرانەی لەخۆیانەوە نزیکن.

ئەم بزوتنەوەیە بنچینەی کارەکانیان لە لادێکانەوە دەست پێکردووە، لەحەفتاکاندا سەرکەوتووش بوون لەوەی پەیامەکەیان ببەنە شارە گەورەکانەوەو سەنتەری گەورە گەورە بکەنەوە و، خزمەتگوزاریی دینی و کۆمەلایەتی و پەروەردەیی و فێرخوازیی و بازرگانی پێشکەش بکەن، بە سەرکردایەتی " فەتحوللا گویلەن" توانیویانە بخزێنە ناو دامودەستگە حکومی و ئەمنی و سەربازییەکانەوە و، چالاکی ئابوریی و بانکی و وەبەرهێنانیش بکەن، بۆیە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئاکپارتی دا هەڵمەتێکی زۆر بۆ بچوکردنەوەی ئەم بزاڤە ئیسلامییە کراوە لەلایەن ئەردۆگانەوە (Ahmed, Y, 2009, p. 32).

لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، ئەردۆگان و گویلەن، هەردوکیان بە ناسنامە ئیسلامین، هەردوکیان موحافیزکارن، بەڵام ئامانجەکانیان جیای

کردونەتەوە، جگە لەوەی لەسەر هەندێ مەسەلەش هاوڕا نین، بۆنمونە: چارەسەریی پرسی کورد، هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا، کاتێك ڕوداوی "کەشتی مافی مەڕمەڕە" ڕوویدا لەساڵی (٢٠١٠) گویلەن ووتی "ئیسرائیل ویستی غەززە بسڕێتەوەو، ئابڵوقەی توندی خستە سەر فەلەستینیەکان، کەشتیەکی بارهەڵگر کە هاوکاری مرۆیی هەڵگرتبو، ڕەوانەی فەلەستین کرا، بەڵام ئەو کەشتییە هی تورکیا نەبو، کەشتی ئاکپارتی بو" هەروەکو گویلەن لایوابو کە" پێویست بو، تورکیا ڕەزامەندی لە ئیسرائیل وەربگرتایە، ئەوسا هاوکاری ڕەوانەی فەلەستین بکردایە" (Margulies & Yldizoglu, 2015).

سێهەم جۆری ئیسلام لەتورکیا، ئیسلامێکی فەرمییە، کە" سەرۆکایەتیی کاروباری دینی" لە تورکیا بەڕێوەی ئەبات، بە " دیانات- Diyanet "ناسراوە و، شوێنکەوتووی ڕێبازی"حەنەفی" ین لە ئیسلامدا، کە مەزهەبێکی باوە لە تورکیادا.

چوارەم و جۆرێکی تر لەجموجوڵی ئیسلامی، ئیسلامێکی توندڕەوە، توندوتیژیی کردۆتە ڕێبازی خۆی، کە خۆی لە "حزب الله"ی تورکیدا ئەبینێتەوە، دەرکەوتنیان ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیست. بەشدارییان کردووە لەچەند کردەوەی توندڕەوییدا دژی چالاکوانە کوردەکان و حزبە چەپەکانی تورکیا، لە ساڵی (٢٠١٤)دا لەشێوەی شریتێکی ئاڕاستەکەردا، بانگی "حزبی حەق" یانداو، چالاکییەکانیان لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا چڕکردۆتەوەو، جارجاریش هێرش ئەکەنە سەر ڕێکخستنەکانی پەکەکە (Narli, 1999, p. 44).

لەواقیعدا، مشتومڕێکی تازەش لەماڵی تورکیدا، لەسەر عوسمانییە تازەکان " نیۆ-عوسمانیزم" هەیە، کە مایەی ترسی جیهانی عەرەبییە، تورکیا مەڵبەندی گەورەترین ئیمراتۆریەت بووە کە عوسمانیەکانن و، بە

غەزاو شەڕکردن و داگیرکاری ناوبانگیان دەرکردبو لەناوچەکەدا، لێرەوە دوو ئاڕاستەی بەهێز ململانێکانیان دەست پێ ئەکات، کە ئیخوانیەت و عوسمانیەتن، سەرەنجام تورکیا خراوەتە گێژاوێکەوە، کە گرفتی خۆ- ناسین و، قەیرانی ناسنامەی هەیە. یەك وولاتەو، چەندەها ناسنامەی جۆراوجۆری وەکو: کوردی و ئیسلامی و عەلەوی و چەپ و ڕاست و ڕادیکاڵ و عوسمانی و ئیخوانی و توندڕەوی تیادایە.

### ٤-١-٢. گۆڕانکاری لەسیاسەتی ئیسرائیلدا

یەهود، لە ڕووی تیۆرییەوە، بەپێی پەروەردەی ئاینییان کە "تەورات"ە، وا ئەڕواننە خۆیان، کە: کۆمەڵگەیەکی ئیتنی جیاواز و هەڵبژێردراون، کەسانی ڕاقین و بەهای تاکی یەهودی زۆر گرانترە لەوانی تر، بە تایبەت خودا ئەوانی ناردووە بۆ ئەوەی جیهان بەڕێوە ببەن، ئەمەش ئەو توخمە سەرەکیەیە کە پێکهاتەی کەسێتی کۆمەڵگەی یەهودیی دیاری ئەکات، کە لە تەوراتدا بە "گەلێکی هەڵبژێردراو لەلایەن خوداوە- شعب الله المختار" ناسراوە. ئەم سایکۆلۆجیەتەش پاڵی پێوە ناون کە بەدەوری سێ ئامانجی سەرەکی دا بسوڕێنەوە:

پاراستنی کیانەکەیان لە نێوەندی ئەو هەموو کۆمەڵگە جیاوازەدا،کە بەجۆرێکی ترپێوەر بۆ سیاسەتەکانیان دابنەن.. وە پێکهێنانی هێزێك کە لەهەرکاتێکدا بۆ جولاندن بشێت تا ڕووبەڕوبونەوەی مەترسیی و ئەگەرەکان ببێتەوە.. ئینجا بەکارهێنانی ئەم هێزە بۆ خزمەتی هەموو ئەو مانایانەی کە چەمکی "شعب الله مختار" لەخۆی ئەگرێت.. جێبەجێکردنی ئەو سێ هەنگاوە واتای بەدەستهێنانی شەرعیەتی تەواوە بۆ کۆمەڵگەی یەهودیی و دیدگایان بۆ جیهان (Davutoğlu, 2010, p. 407).

بەپێی ڕای "پرۆفیسۆر، ئەحمەد داود ئۆغلۆ" لە کتێبی " قووڵایی ستراتیژیی" دا، ئەگەر سەرنج بدەین، ئیسرائیل بەشێکە لە ئەمریکا بە مانایەکی ستراتیژی، هەروەها بەشێکە لە ئەوروپا بە مانایەکی کەلتوری و ڕۆشنبیری، بەمانا دینیەکەشی بەشێکە لەخودی خۆی،کە ئەیەوێت وەك یەکەیەکی بنەڕەتی خۆی فەرز بکات بەسەر ئەوانی تردا (Davutoğlu, 2010, p. 416).

" ئەمەش مانای وایە، هەر لەسەرەتاوە تورك و جولەکە متمانەیان بەیەکتر نەبووە، لەپەیوەندییەکانیان، قەیرانی متمانە گەورەترین گرفت بووە لەنێوان ئەم دەوڵەتەدا، بەتایبەتی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی حزبی دادوگەشەپێدان لەتورکیادا، جگە لە لێدوانە ئاگرینەکانی ئەردۆگان، ئەوەی سەرەوە باوەڕی نەگۆڕی سەرۆکوەزیرانی تورکیا "داود ئۆغلۆ" یە. بە واتایەکی تر ئەوەی ئەم دوو وڵاتە کۆئەکاتەوە، جگە لە ویستی سوپاو جەنەراڵە سیکۆلارەکانی تورکیا، بەرژوەندیی و پاراستنی باڵانسی هێزە لەناوچەکەدا بە پاڵپشتی ئەمریکا "..

لە نێوان (٢٠٠٨-٢٠١١)دا، سیاسەتی ئیسرائیل بەئەندازەیەکی زۆر سەرقاڵی تورکیا و ڕێرەوە ئاوییەکانی دەریای سپی ناوەڕاست بو. تورکیای ساڵی (٢٠٠٩) هاوشێوەی سەردەمی جەنگی سارد نییە، لە هێزێکی وا نزیك بێتەوە، یان پاڵبدات بە پەیمانی باکوری ئەتڵەسیەوە، تەنها لەبەرئەوەی خۆی بپارێزێت. چوارگۆشەیەك بوو لاکانی بریتی بون لە: عێراق و سوریا و یۆنان و ئەرمینیا. هەر ئەوەش داود بنگوریون و عەدنان مەندەریسی وا لێکرد کە ڕێککەوتنێك ئیمزا بکەن ساڵی (١٩٥٨) دژی ڕادیکاڵیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بۆیە، کاتێك حکومەتی تورکیا لە (تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩) بڕیاریدا بەشداری مانۆڕ و مناوەرە ئاسمانیەکانی لەگەڵ ناتۆدا قەدەغە بکات، ئەوە ئاماژەیەکی بەهێز بو کە پەیوەندییەکانی تورکیا- ئیسرائیل

لە ئاستێکی زۆر بەتین دا بووە لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا. حکومەتی ئاکپارتی ئەو پەیوەندییەی شل و کوت کرد و بەرەو لاوازیی بردی. وەرچەرخانێکیشی لەبالأنسی هێزی نێوخۆیی سیستەمی تورکیدا دروستکرد، بە بەرژەوەندی دەستەلأتی مەدەنی و لەسەر حیسابی دەمەزراوە سەربازییەکان.

ناوەندە سەربازی و ئەمنیەکانی ئیسرائیل لە(تشرینی دووەمی ٢٠١٠)دا، ئاشکرایانکرد، کەقەبارەی ئالوگۆڕی سەربازیی بەپێی تازەترین ئاماژەکان، ڕووخاوە. لە(١) یەك ملیار دۆلاری ساڵی (٢٠٠٨)ەوە هاتۆسەر (٩٠-١٠٠) ملیۆن دۆلار لەساڵی (٢٠١٠)دا (Basl,8\9\2011).

کۆمەڵگەی ئیسرائیلیش، هاوشێوەی کۆمەڵگەی تورکی تا ڕادەیەکی باش ئاوێتەیە. شتێکی سەیر نییە، ڕێککاری یاسای ڕەگەزنامەی ئیسرائیلی ئەوە لەخۆبگرێت کە هەرکەسێك ڕەگەزنامەی ئیسرائیلی بەدەست بهێنێت، ئەبێت ئەوە ڕابگەیەنێت کە بڕوای بە"دەوڵەتی ئیسرائیل" وەك یەهودییەت هەیە. دووپاتکردنەوەی ئەمە لەلایەن جولەکەکانەوە ئەوە ئەگەیەنێت کە دوودڵیان لە ئایندەی دەوڵەتەکە هەیە وەك زایۆنیزم، لەسەروو هەموویانەوە ترسە لەمەسەلەی دیمۆگرافیا، هەربۆیە لەئەولەویاتی ستراتیجیەتی ئاسایشی نیشتمانی ئیسرائیلی دا زۆرجەخت لە دیمۆگۆافیا کراوەتەوە، کە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ پاراستن یان ڕووخانی دەوڵەتەکە. لەم چوارچێوەیەشدا ترسێکی تر بەدوای خۆیدا ئەهێنێت، کە مەسەلەی کۆچکردنی پێچەوانەیە (الهجره المعاکسه).واتە: یەهودەکان هاوسۆزییان بۆ زەوی باوباپیرانیان نەمێنێت کە خاکی بەڵێنپێدراو " خاکی بەڵێن پێدراو: بەپێی بیروباوەڕی یەهودەکان ئەو

زەمینەیە کە خودا بەڵێنی پەیامبەرەکەیان یەعقوب داوە، مەبەست لێی ئیسرائیلە". بەپێی بەدواداچونێکی ڕۆژنامەی "هارتس" کە لە"نیۆرك تایمز"ەوە وەریگرتووە، ڕێژەی ئەو جولەکانەی پابەند نین بە دینەوە بەرەو هەڵکشانەو، ئەوانەشی پەروەردەیەکی یەهودی دینی ئەدەن بە نەوەکانیان ڕوویان لەکەمبونە .بەپێی بەدواداچونەکە سێ بەشی جولەکانی ئەمریکا بایەخ بەهیچ کەنیسەو بۆنەیەکی ئاینی نادەن.

بەتایبەتی ،جولەکە ڕیشەیەکی بەرفراوانی هەیە،زۆرترینیان لە ئەمریکان، ولاتێکی وەکو مەغریبی عەرەبی ڕێژەی یەهود تیایدا (٢٥٠) هەزار کەس بووە لە ساڵی (١٩٤٠)دا، لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەوە لەمیانەی ئیستعماری فەڕەنسی و ئیسپانی دا، دەزگای مۆسادیش دەرفەتی وەرگرت، تاوەکو ئاژانسێکی جێبەجێکردن بۆ خزمەتی بزوتنەوەی سەهیۆنی لەوێ بکەنەوە، بۆ ئەوەی کۆچ بە جولەکانی مەغریب بکەن تا بگەڕێنەوە ئیسرائیل، لەماوەی نێوان (١٩٤٨–١٩٦١) توانییان نزیکەی (١٠٠) کەس بگێرنەوە بۆ ئیسرائیل .(Alarabiya,2013)

بۆیە دەتوانین هەمیشە گریمانەی ئەوە بۆ ئیسرائیل بکەین، کەئەکرێت کۆمەڵێك فاکتەری نێوخۆیی، فەرهەنگی، دەرەکی، ئابوری و دیموگرافی، وا بکەن هەڕەشەی گەورە لەسەر ئایندەی بکەن، بۆنمونە: ئیسرائیل چۆن سیاسەتی دەرەوەی ئیسرائیل دوای جەنگی سارد، یاخود دوای بەهاری عەرەبی چییە.؟. ڕووئیای ستراتیجی بەرانبەر : تورکیا، هیند، چین، ڕووسیا، ئێران، چی ئەبێت؟. ئیسرائیل بەچاوی پسپۆڕو سەنتەرەکانی توێژینەوەی خۆی، وا ئەبینێت کە: پاشەکشە لە ڕۆڵی ئەمریکادا هەیە و، لەبەرە سیاسیی و ئابورییەکاندا لەڕووی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەوە ئەمریکا شەوارۆی کردووە، بەتایبەتی دوای جەنگی عێراق و

ئەفغانستان، هێزی ئەمریکا لەژێر پرسیاردایە. هاوکات مەڵبەندو جەمسەری دوەلی تازە، لەسەردەمی جیهانگیریی سیاسیی و ئابوریی و دارایی و گەیاندن و زانیارییەوە پەیدابون. بۆیە بۆ ئیسرائیل دیدگای جیۆسیاسیی و جیۆ ئابوریی جۆراوجۆر هەیە تا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو جەمسەرە تازانە گەشەپێبدات و، کاریان لەگەڵ بکات ."

## ٤-٢. ئەو ڕووداوانەی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان خستە سەر پەیوەندییە دووقۆڵییەکان

### ٤-٢-١. حەماس و شەڕ لەسەر غەززە ( ئەیلولی ٢٠٠٩ )

لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٨) بەرەبەرە سەرەتای گرژیی و لێدوانە زبرەکانی تورکیاو ئیسرائیل دەست پێدەکات، لەکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، وەزیری دەرەوەی تورکیا "ئەحمەد داود ئۆغلۆ" لە(٣ی ئایاری ٢٠٠٨) گوتی "سیاسەتی ئێمە ڕوونە، دیدو بۆچونمان بۆ ئاشتی لەناوچەکەدا هەیە، ئەگەر ئیسرائیل ڕێوشوێنی ئاشتی و دیبلۆماسیانە بگرێتەبەر، بێگومان لەگەڵیدا ئەبین و پەیوەندییەکی باشمان ئەبێت، کاتێکیش ئیسرائیلیەکان هێرش بکەنە سەر غەززە پەیوەندییەکانمان دەبچڕێت، لەبەرئەوە ناکرێت ئێمە بێدەنگ بین لەئاست ئەو کارەساتە مرۆییەدا، بێدەنگ نابین لەسەر ئەو هێرشە دوژمنکارییانەی ئیسرائیل بۆ سەر گەلی فەلەستینی بێتاوان، بۆیە ئەوە ئامانجێکی گرنگە بۆ ئێمە "..لەو چوارچێوەشدا ووتی" ئەگەر ئامانجەکان ڕووەو ئاشتی بن، ئەوا ئێمە هەڵئەسین بەدروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەر لایەنێك، بەڵام ئەگەر مەبەستەکە سیاسەتێکی دووژمنکارانە بێت، تورکیا کاردانەوەی بۆ هەر لایەك ئەبێت" . (PalestineJournalStudies,2010,P.224)

حکومەتی تورکیا هەر بەلێدوانە زبرەکانی دژی ئیسرائیل نەوەستا، پرۆسەی نێوەندگیریی نێوان سوریاو ئیسرائیلیشی ڕاگرت، لە (٣٠کانونی یەکەمی ٢٠٠٨) ئەردۆگان لەمیانەی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ سەرۆکی سوری "بەشار ئەسەد" ڕایگەیاند، بەردەوامی دوژمنکاریی و بۆمبارانەکانی ئیسرائیل بۆ غەززە، هەموو هەوڵەکانی ئێمە بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتی لەناوچەکەدا ڕائەگرێت. لە(ئەیلولی ٢٠٠٨)دا حەماس هەوڵی دا غەززە بگرێتەوە، ئیسرائیل بۆمبارانەکانی چڕتر کردو، هەموو جۆرە ئابڵوقەیەکی لەسەر فەلەستینیەکان دانا، فەلەستینیەکان تووشی نەهامەتی و کولەمەرگی بونەوە ”(Abu-Mutllaq, 2011, p, 82). ئەردۆگان دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکی میسر "حوسنی موبارەك" لە (١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩) جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پێویستە: ئیسرائیل ئەو ئاگربارانەی ڕاستەوخۆو بەچڕی دژی فەلەستینیەکان دەستی داوەتێ بیوەستێنێت، دەست لەو ئابڵوقانەش هەڵبگرێت کە لەسەریان دای ناوە، وە ڕێگەش بدات هاوکاری مرۆیی بگەیەنرێتە غەززە (Szymanski,2010,p.183) .

هەروەك بزوتنەوەی حەماس، داوای کرد ئیسرائیل مووشەك بارانی فەلەستینیەکان بوەستێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا شەڕو کاردانەوەی حەماس بەردەوام بو لەگەڵ ئەو هێزانەی ئیسرائیل کە ئابڵوقەو فشاریان خستبوە سەر غەززە، ئەردۆگان لە (٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩) ڕێگەیاند،" هیچ پەیوەندییەکی ئێمە لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی ئیسرائیلی دا ڕوونادات، هەتا ئیسرائیل ئاماژەیەکی ڕاستەقینە لەسەر وەستاندنی شەڕ دژی غەززە نەدات، لەبەرئەوەش کەئیسرائیل بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە (١٨٦٠)ی ڕەتکردۆتەوە، کەداوای خێرا ڕاگرتنی تۆپبارانەکانی

کەرتی غەززە ئەکات، پێویستە ڕێگە لەئیسرائیل بگیرێت لەچوونە ژوورەوە بۆ ناو بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەردۆگان ولاّتانی ئەوروپاو ڕۆژئاواشی تۆمەتبار کرد بەوەی خۆیان لەگێلی ئەدەن و، هیچ جوولّەیەکیان نییە لەدژی ئەو کارەساتە مرۆییەی لەغەززە ئەگوزرەێت، بەلاّم کاتێك ناکۆکی لەجۆرجیاو ئۆسیتای باشور سەرهەلّئەدات، هەموتان بەخێرایی دەست بە جموجولّ ئەکەن(Ghaul,2011,p.118).

## ٤-٢-٢. ڕووداوەکەی داڤۆس " تەنها یەك خولەك".

گرژیی و ڕاڕایی لەپەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل درێژەی کێشا و، تا ئەهات زیاتر ئەبو، گەیشتە ئەوەی سەرۆکی حکومەتی تورکیا "ئەردۆگان" ڕاستەوخۆ لەکۆنگرەی داڤۆس ڕووبەڕووی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلی "شیمۆن پیرێز" ببێتەوە.

ئەردۆگان لە (٢٩ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩)، لە مونتەدای ئابوریی جیهانی (داڤۆس) لەسویسرا، پرۆسە سەربازییەکانی ئیسرائیلی لەدژی فەلەستینیەکان بە "تاوانی جەنگ" ناوزەند کرد، کۆبونەوەکەشی بەسەر ئامادەبواندا بە جێهێشت، بەو بیانوەی ڕێگرییان لێکردووە کۆمێنتێك لەسەر قسەکانی شیمۆن پیرێز بدات، لەبارەی هێرشەکانی غەززەوە . (Szymanski,2010,p.182)

ئەردۆگان ڕوویکردە پیرێز و گوتی :

" بەڕێز.... تۆ بەتەمەن لەمن گەورەتری، واهەست دەکەم کە تۆ کەمێك هەست بە تاوان بکەیت، ڕەنگە بۆیە کەمێك توند بویت، من ئەو منالاّنەم بیردێتەوە کە لەکەنار دەریا کوژران، ووتەی سەرۆك وەزیرانی وولاّتەکەتانم دێتەوە یاد کەگوتی ئێمە لەسیاسەتی خۆمان ڕازین،

**بێگومان هەردوکتان هەست بەڕازی بون ئەکەن کە بەتانك هێرش بۆ سەر فەلەستینیەکان ئەکەن... من هەست بەخەمباری ئەکەم کاتێك خەڵك چەپڵە بۆ قسەکانت لێئەدەن، چونکە خەڵکێکی زۆر کوژران، پێم وایە کارێکی هەڵەو نامرۆییە، کە خەڵك چەپڵە بۆ کارێك لێبدەن ئەو جۆرە ئەنجامانەی هەبوبێت "(Brackman,October2011,p.4) .**

**وەك لەسەرەوە باسمان کرد، هەڵوێستی ئەردۆگان لە دژی سیاسەتی لەناوبردنی فەلەستینیەکان زۆر ڕەق بو، بەهەموو هێزی خۆی پاڵپشتی کەرتی غەززەی ئەکرد، بۆیەش کە ئەردۆگان لە گەشتەکەی "داڤۆس" گەڕایەوە، بەهەزاران هاوولاتیی تورك لە فڕۆکەخانەی "ئەتاتورك" لە ئیستانبوڵ پێشوازیان لێکرد و، وەك کاریزمایەکی جەربەزەو ناوچەیی نیشانیان دا، پاشان لەمە بەدوا جەخت لە نزیکبونەوەی تورکیاو ولاتانی عەرەبی کرایەوە، نزیکبونەوەی فەرمی و میللی لەنێوان تورکیاو فەلەستین دروستبو، تا ببنە دوژمنێکی هاوبەشی ئیسرائیل .**

**ئەو ڕۆژانە، تا ئەهات لێدوانی سەرکردە تورکەکان دژی ئیسرائیل توندتر ئەبو، بەتایبەتی ئەردۆگان شەڕی ئیسرائیلی لەغەززە بە " ڕەشەکوژییەکی گەورە لەمێژووی مرۆڤایەتی "ناوبرد و گوتی" ئیسرائیل لەخوێنی ژن و منالی غەززەدا نقوم ئەبێت" Report and Information, (2010, p, 44. هەروەکو هەڵوێستی وەزیری دادی تورکیا "محەمەد عەلی شاهین-Mehmet Ali Sahin"بەهێزتر بوو کاتێك گوتی " کارەکانی ئیسرائیل هۆلۆکۆستێکی ترە دژی فەلەستینیەکان "وتیشی" ئیسرائیل، فاکتەرێکی سەرەتاییە بۆ تیرۆری جیهانی". ئەم هەموو لێدوان و هاتو هاوارە، لەجیهانی ئیسلامی و حزب و گروپە ئیسلامیەکان کەس گوێی لێ نەبوو، تەنها کۆماریی ئیسلامی ئێران نەبێت،هاتەدەنگ . تورکیا بە**

کردارو بەهەڵوێست دژی ئیسرائیل وەستایەوە، هەردوولا متمانەی یەکتریان لەدەستدا، ئیسرائیل ئەو هەڕەشەیەی گەیاند بە تورکیا کە فایلی ئەرمەن و کوردەکان ئەجولێنێت، یەکێك لە فەرماندە سەربازییەکانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، لە دوای ڕووداوەکەی داڤۆس لە یەکتر بینینێکدا، بە بەرپرسێکی باڵای تورکیای وتووە، پێویستە تورکیا پاشەکشە بکات لە هەڵوێستەکانی خۆی پێش ئەوەی ئیسرائیل ئەو کەیسە بجولێنێت کەتورکیا قوبرسی باکوری داگیرکردووە، کە ئەرمەنەکان و کوردەکانی جینۆساید کردووە (Al-bayati,2011,P.4).

هەروەها، فەرماندەی هێزە دەریاییەکانی ئیسرائیل ئاڤی مزراحی – Avi Mizrahi بەتوندی هێرشی کردە سەر ئەردۆگان و، بەتێکدەری پەیوەندییەکان ناوزەندی کردو، تورکیای تۆمەتبارکرد کە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکانی کردووە، قوبرسی باکوری داگیرکردووە.. وەزارەتی دەرەوەی تورکیا خێرا باڵوێزی ئیسرائیلی لەئەنقەرە بانگکردو، ناڕەزایەتی و توڕەیی خۆیانی بە فەرمی پێگەیاندو، داواشی کرد کە لێدوانەکانیان بوەستێنن .

لەدرێژەی باڵکێشانی گرژی و ئاڵۆزییەکان بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وولاتدا، "ئەحمەد داود ئۆغلۆ" بڕیارێدا ڕێکخستنی سەردانەکەی بۆ ئیسرائیل بوەستێنێت، کەبڕیار بو ئامادە بێت لەکۆنگرەیەکی سیاسیدا، کە سەرۆکی ئیسرائیلی "شیمۆن بیریز" لەژێر ناونیشانی "بەدوای سبەینێ دا ئەگەڕێین" لەبەرواری (٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩) ڕێکی خستبو (Turan,2011,p.3) .

لەکاتی پێشوازیکردنی نەتانیاهو لە هاوتا ئیسپانیەکەی "خوسیە لویس سباتیرۆ- Luis Rodriguez Zapatero" لە (تشرینی یەکەمی

٢٠٠٩) ناتانیاهو دەستی کرد بە لۆمەکردنی ئەردۆگان و ،بەرپرسیارێتی تێکدانی پەیوەندییەکانی خستە ئەستۆی ئەو، گوتیشی " قورسترین کێشە ئەوەیە ،حکومەتی تورکیا بەسەرکردایەتی حزبی دادوگەشەپێدان ڕێگەی ئاشتی وون کردووەو، بووەتە لایەنێك لە شەڕ " وەك ئاماژەیەك بۆ سوریاو ئێران(Ghaul,2011,p.120). لەم چوارچێوەیەدا نەتانیاهو ڕایگەیاند، ولاَتەکەی ئامادەی تێهەڵچونەوەیە بە دانوستانەکان لەگەڵ سوریا بە بیَ مەرجی پێشوەختە، بەلاَم ئیسرائیل نێوەندگیریی تورکیای ناوێت، لەبەرئەوەی نێوانگیرێکی قبوڵکراو نییە لەپرۆسەی ئاشتی دا، ئەکرێت ئەو نێوەندگیرییە فەڕەنسا بێت لەبری تورکیا.

لەبەرانبەر ئەمانەشدا، وەزیری دەرەوەی تورکیا "داود ئۆغلۆ|" لە (١٢ی ئەیلولی ٢٠٠٩) سەردانی ئێرانی کرد!. ئەمە دوای ئەوە دێت کە بەشداری کردبو لە دانیشتنی وەزیرانی دەرەوەی ولاَتانی ئەندام لە جامیعەی عەرەبی، کە تایبەت بو بە چارەسەری کێشەی سوریاو عێراق، لەو سەردانەیدا بۆ ئێران ئۆغلۆ ڕایگەیاند ولاَتەکەی ئامادەیە نێوەندگیریی ئێران و خۆرئاوا بکات لەمەڕ پرسی چەکی ئەتۆمی ئێران. ئۆغلۆ بەم سەردانەی ئەو مەسیجەی بەخۆرئاوا گەیاند کە: ئیسرائیل مەترسی گەورەیە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە نەك ئێران .. بەلێکدانەوەی ئەوەی تورکیا لێرەدا هیچ کارتێکی قازانج لێکراوی لەوەدا بەدەستەوە نییە، کە سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباماو نەتانیاهو پیشتیان پێبەستوە لەجێبەجێکردنی هەر سەرکێشیەکی سەربازیی دژی ئێران. بۆیە هەڵوێستەکانی ئۆغلۆ چەند گوزارشتێکی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتبو، لەوانە: ئیسرائیل ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی هەڕەشەیە لەسەر ناوچەکە لەنێویاندا بۆ تورکیا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێت تورکیا

**پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بپارێزێت، کە پەیوەستە بەوەی هەردوولایان ڕووبەرووی هەر جیابونەوەیەکی کوردەکان ببنەوە لەناوچەکەدا، جگە لەوەش لایەنی ئابوریی لەپەیوەندییەکانی ئێران و تورکیادا بونی هەیە، تورکیا بەدوای سیاسەتێکی تازە کەوتووە کە کەمەندکێش کردنی وەبەرهێنانی عەرەبی و ئیسلامییە بەرەو خۆی**(Olson,2013,p.7).

**ئەوەش ئاشکرایە، کە وەزیری دەرەوەی تورکیا داود ئۆغلۆ، هەمیشە ئەیەوێت تیۆری "قوولایی ستراتیجی" بەرز ڕابگرێت و، سەردانەکەشی بۆ ئێران نامەیەك بوو بۆ وڵاتانی خۆرئاوا، تا لەبایەخی جیۆ-ستراتیجی و جیۆ-پۆڵەتیکی تورکیا تێبگەن، کە تورکیا دەوڵەتێکی ناوچەیی کاریگەرە، ڕێگەنادات بەوەی پرسی چەکی ئەتۆمی ئێران بەڕێگەی سەربازیی چارەسەر بکرێت.**

**لەگەڵ ئەوەی نەتانیاهو، بەتوندی هێرشی کردە سەر تورکیاو گوتی: حکومەتی ئاکپارتی دژی ئاشتییە لەناوچەکەداو، بەرنامەکەی دوورکەوتنەوەیە لەخۆرئاواو ئیسرائیل و، نزیکبونەوەیە لەئێران و سوریا وەك دوو حکومەتی ڕادیکاڵی** (Inbar,2010,p.32). **پاشان ویلایەتە یەکگرتوەکان سەبارەت بە نزیکبونەوەی تورکیاو ئێران و، دوودڵی خۆی نیشانداو، کە چۆن تورکیا باوەڕی بەوە نییە کە سزای ئابڵوقەی ئابوریی ئێران بدرێت!، ڕۆژنامەی فاینشناڵ تایمز–** FinancialTimes **ی لەندەنی ئاماژەی بەوە کرد کە غوبن و نارۆشنی کەوتۆتە نێوان ئەنقەرەو واشنتن سەبارەت بە تاران و ئەنوسێت "حکومەتی ئۆباما فشارێکی زۆر لەسەر تورکیا دائەنات، تایبەت بە ئەو سزا نێودەوڵەتیەی لەسەر سیستەمی ئێران دانراوە".**

**ئەوەی دواجار بۆ زانین گرنگە، تورکیاو ئیسرائیل ناکۆکی گەورەیان لەسەر مەسەلەی چەکی ئەتۆمی ئێران هەیە، لەکاتێکدا ئیسرائیل**

بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بە مەترسییەکی جەوهەریی بۆ سەر خۆی ئەزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا واناڕوانێتە ئێران کە هەڕەشەیەکی ستراتیجی بێت، بەلاّم هەست بەوەش ئەکات ئێران لەناوچەکەدا هەژموونی زیاد ئەکاو پەرە بەچەکی ئەتۆمی ئەدات و، هەوڵی ڕێککەوتنەکانیش لەمەڕ ئەم پرسە لەگەڵ ئێران دەبینێت... تورکیا بەئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە خۆرهەلاّتی ناوەڕاستی وەك ناوچەیەکی خاڵی لە چەکی ئەتۆمی ئەوێت، ئیتر هەر لایەك خاوەنی بێت ئێران یان ئیسرائیل (Uzun,2009,p.2).

## ٤-٢-٣. مەسەلەی کورسیە نزمەکە (٢٠١٠)

لە ڕۆژی سێشەممە (١٢/١/٢٠١٠) ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا.!.کە یەکەمین گرژیی دیبلۆماسیە لەنێوان تورکیاو ئیسرائیلدا، ئەویش بەم شێوەیە بو کە: یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل "دانیی ئەیالون" باڵوێزی تورکیا لەئیسرائیل" ئۆغوز تشیلیك گویل- Oguz Celikkol"بانگ کرد، تا نارەزاییەکانی ئیسرائیلی پێڕابگەیەنێت لەسەر ئەو زنجیرە فیلمانەی تورکیا بەرهەمی ئەهێنێت، بەتایبەتی زنجیرەی (فیراق) لەتەلەفزیۆنی دەوڵەتی تورکیا (TRT) و هەروەها فیلمی (صرخه خجر -Cry Stone) و (دۆڵی گورگەکان) و کۆمەڵێك درامای تورکی تر، وای نیشان ئەدات: ئیسرائیل دەوڵەتێکی تیرۆریست و خوێنرێژە، هەروەها بەنوێنەری تورکیا بڵێن، ئیسرائیل نارەحەتە لەبەرانبەر لێدوان و هەڵوێستەکانی سەرۆکی حکومەتی تورکیا "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان".. لەکۆبونەوەیەکدا کەبەشێوەی دراما بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل ڕێکیان خستبو، لەبینای

پەرلەمان نەك لەوەزارەتی دەرەوە، باڵوێزی تورکیا بانگ ئەکەن،لەسەر کورسییەك دایئەنەن کە زۆر نزمترە لەو کورسیەکەی "دانیی ئەیالون" لەسەری دانیشتووە.. بەجۆرێك کە هیچ میوانێك ئاوها پێشوازی ناکرێت، کورسیەکە ئەوەندە نزم بو لەپێش چاوی کامێراکان نەیئەتوانی دەستی درێژی بکات و ئەلەرزی. سەرباری ئەوەی چەند خولەکێك لەبەر دەرگای نوسینگەی "ئەیالۆن" ڕاگیرا بو، پێش ئەوەی ڕێگەی بدەن بێتە ژوورەوە .(Palestine Strategic Report,2010,P.172)

ڕووداوەکە لەکاتێکدایە، باڵوێزی تورکیا لەوە ئاگادار نەکراوەتەوە کە وێنەی ئەگرن و بەعیبرەتی ئەکەن، وا تێئەگات تەنها دانیشتنێکی دوو قۆڵییەو لەعورفی دیبلۆماسی دەرناچن، کەچی "ئەیالۆن" وێنەگرەکانی بانگگرد بۆ هۆڵی چاوپێکەوتن تا ڕووداوەکە وێنەبگرن. بەزمانی عیبری لەگەڵ باڵوێزە تورکەکە قسەی کرد، لەکاتێکدا ئەو زمانی عیبری تێناگات. لەمیانەی قسەکانیدا لەسەر کورسی یەکی زۆر بەرزەوە قسەی لەگەڵ ئاستی کورسییە نزمەکە ئەکرد، کە باڵوێزی تورکیا لەسەری دانیشتووە "سەیربکە، بزانە من چۆن لەسەر کورسیەکی بەرز و باڵاتر دانیشتوم، لەو کورسیانەی کە باڵوێز لەسەری دائەنیشێت" ئەم سیناریۆیەش گەورەترین عەیبەو سوکایەتییە لەبازنەی دیبلۆماسیەتدا (Lindenstrauss & Kivam, 2014, p. 11). ڕووداوەکە کاردانەوەی توندی لەلایەنی تورکییەوە لێکەوتەوە، هەروەکو چۆن لێکەوتەو کاردانەوەی نا هاوتای لەلایەن ئیسرائیلیەکانەوە هەبو.

وەختێك ڕووداوەکە ڕوویدا، ئەردۆگان لەسەر ڕێگا بوو بۆ مۆسکۆ ئەچوو، کاردانەوە سەرەتاییەکانی ئەوەبو ڕووداوەکەی بە"**نەنگیەکی دیبلۆماسی**"ناوبردو، ئاماژەیدا کە" بەدرێژایی تەمەن پێکەوە هەڵکردن

مان لەگەڵ یەهودو ئیسرائیل بۆ دەرکەوت، مێژوو شایەتە لەسەر ئەمە، بەلاّم ئەوە ئەڵێین ڕەفتارو چاوپێکەوتنی ئیسرائیل پێویستی بەلێبوردەیی و هەڵکردنە، ئەم ڕەفتارە نەگونجاوە، پێویستە ئیسرائیلی پێ بناسرێت". ئیسرائیلیش دوو بەیاننامەی یەك لەدوای یەکی دەرکرد، تیایدا پەشیمانی لەڕووداوەکە دەربڕی و داوای لێبوردنیشی لەتورکیا کرد .(Akgun&Gundogar,2014,p.5)

دوای ڕووداوەکە، خوێندنەوەی جیاجیا بۆ ئەو مامەڵەیەی ئیسرائیل کرا، ئەردۆگان مەسەلەکەی لەچوارچێوەی ناکۆکیەکی نێوخۆیی لەناو حکومەتی ئیسرائیلدا وێناکردو، گوتی "ئەمە کێشەیەکی ناوخۆیتانە".. هەڵبەت لێکدانەوەی تریش هەبون، لەوانە ئەوەبو کەئامانج لەو جۆرە ڕەفتارکردنە لەگەڵ باڵوێزی تورکی لەئیسرائیل، هەوڵێکی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل "ئاڤیگدور لیبرمان" بووە، تا لەمپەر بخاتە بەردەم سەردانەکەی وەزیری بەرگریی ئیسرائیل "ئێهود باراك" لەڕۆژی یەکشەمەی دواتر بۆ تورکیا، بۆ ئەوەی هیچ ڕێگەیەك سەرکەوتوو نەبێت بۆ چاکبونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل، کەباراك پێی هەڵسابو.. لیبرمان لەو کەسانە بو کەئاشتبونەوەی لەگەڵ تورکیا نەدەویست، بەڵکو بەو ڕووداوە تۆڵەی لاوازیی هەڵوێستی ئیسرائیلی کردەوە، بەتایبەتی لەوماوەیەی ڕابردوو گوتاری ئەردۆگان زۆر توندبوو، بەمەش گەشتەکەی ئێهود باراك هیچ ئاکامێکی نەبو.

دیارە ڕاڕایی و جیاوازیی لەشێوازی ڕووبەڕوبونەوەکان لەناوخۆی ئیسرائیلیشدا، بۆچوونی جیاوازی لەسەر هەبووە، وەزیری پیشەسازیی و بازرگانی "بنیامین بن ئیلعازر" گوتی "ئەم ڕووداوە لەبەرژەوەندیی ئیسرائیل نییە"... تورکیا ئەخاتە ناو لیستی دوژمنەکانی ئیسرائیلەوە"..

بن ئیلعازر ئەوەشی گوت" کە ئیسرائیل پێویستی بەمە نەبوو، هێشتا کێشەکانی جیهانی عەرەبی لەکۆڵ نەبۆتەوە، ئیسرائیل هەموو جیهانی ئیسلامی بەدوژمن گرتووە". ئەو وەزیرەی ئیسرائیل زیاتر لەسەری ڕۆییشت و گوتی" پێویستە ئەوەمان بیر نەچێت، کەتورکیا خاوەنی (٧٢) حەفتاودوو ملیۆن دانیشتوانە، ڕۆڵێکی سەرکردانە ئەبینێت لەجیهانی ئیسلامیدا".(Report and Information,2010, p.52). لەم سۆنگەیەوە تورکیا هەڕەشەی بانگهێشت کردنەوەی باڵوێزی خۆی لەتەلئەبیب کرد، ئیسرائیل دوای دوو ڕۆژ بە ڕوونی داوای لێبوردنی لە تورکیا کرد، سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گویل بۆ مێژوو گوتی ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێهات، بەڵام ئیسرائیل بەرپرسیارێتی ڕووخانی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی ئەکەوێتە ئەستۆ، بانگی کردن تا دۆخەکە ڕاست بکەنەوە (Palestine Strategic Report,2010,173).

## ٤-٢-٤. هێرشی کۆماندۆی ئیسرائیلی بۆ سەر کاروانی کەشتیی مافی مەرمەرە.

پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان لەساڵی (٢٠١٠) دا، ڕێگەیەکی تورەو سەرشێتانە یان گرتەبەر، بەهۆی کێشە عەرەبییە هەڵواسراوەکان کە گرنگترینیان ئابڵوقەی سەر غەززەیە، لەسۆنگەی توندبونەوەی ئابڵوقەکانی سەر غەززە، لە(١٩ی کانونی دووەمی ٢٠١٠) گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەنێوان وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلۆ لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئیسرائیل ئێهود باراك Ehud Barak- دروستبو، ئۆغلۆ داوایکرد، کەڕێگە بەتورکیا بدەن هاوکاری بگەیەننە کەرتی غەززە کە لەهەر چوار لاوە گەمارۆ دراوە، بەتایبەتی هاریکاریی خۆراك و دەرمان و

پێداویستیە سەرەتاییەکان، هەروەها داوای ئەوەشی کرد کە ڕێ بەتورکیا بدەن کەخانوی ئامادەکراو بۆ ئەو خێزانە فەلەستینیانە ببەن کە خانەو لانەیان بەدەستی ئیسرائیل ڕووخاوە، بەهۆی ئەو ئابلۆقە بەردەوامەشەوە ناشتوانن سەرلەنوێ خانوەکانیان دروست بکەنەوە، چونکە هەموو ئامرازو مەوادەکانی درستکردنی بینا قەدەغەکراوە بێتە ژوورەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا باراك پابەندبونی خۆی بەجێبەجێکردنی داواکانی تورکیاوە ڕەتکردەوە. وتیشی "لەژێر سێبەری ئەو سیاسەتەی ئیسرائیل بۆ ڕێگریکردن لەچوونە ژوورەوەی هەر شتومەکێك، بۆ غەززە گرتویەتیە بەر، بە داخوازییەکەتاندا ئەچینەوە (Palmer&Uribe,2011,p.8).

پاڵپشتی کردنی تورکیا بۆ فەلەستینیەکان گەیشتبووە لووتکە، بەجۆرێك ئەو داوایانەی تورکیا هەیبو، سەرۆك و سەرکردە عەرەبەکان جورئەتی ووتنیان نەبووە. سیستمە عەرەبیەکان بەگشتی داوای بەهاناوە چون و پاراستنی کیانی گەلان و شتی وایان ئەکرد کە لەسەر ئاستی واقیع بونی نییە، بەلاّم تورکیا ڕاستەوخۆ داوای لابردنی ئابلۆقەکەی ئەکرد، بەکردار ئەیویست کۆمەکی مرۆیی پێشکەش بە فەلەستینیەکان بکات، وە کەشتی نارد، دانوستانەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگرت، پشتگیریی و هەڵوێستی تورکی بۆ فەلەستین گەیشتبووە ئەوپەڕی، تا ئاستێك وەزیری دەرەوەی تورکیا تێهەڵچونەوەی لەنێوەندگیریی سوریا-ئیسرائیل بەستبو بەوەی، کەئیسرائیل دەست لەفشار خستنە سەر غەززە هەڵبگرێت (Palmer,Uribe,2011,p.4) .

لەگەڵ ئەمەشدا، پرۆسەیەکی بەزەبر لەڕیگەی لۆبی یەهودییەوە لەویلایەتە یەکگرتوەکان دەستی پێکرد، کەپێ بخەنە سەر دەمارێکی گەورەی ئەردۆگان و حکومەتەکەی، ئەوەش تۆڵەکردنەوە بوو لەڕێگەی

فشاری کۆنگرێسەوە، تا کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان لەلایەن تورکەوە لەساڵی (١٩١٥) بەفەرمی بە"جینۆساید" بناسێنن. لەحاڵێکدا ئەگەر ئەنقەرە دەست لەسیاسەت و دەستوەردانەکانی لەفەلەستین هەڵنەگرێت.. هەروەکو ئەردۆگانیش لەکۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە"سرت" لە(٢٧ی ئازاری ٢٠١٠) قودسی بە"بیلبیلەی چاوی موسڵمانان" وەسفکرد. هەوڵەکانی ئیسرائیلیشی بۆ بەیەهودی کردنی قودس بە"شێتێتی" ناوبرد (Ghaul,2011,p.122).

بەرەبەیانی(٣١/٥/٢٠١٠): بەیەکدا کێشانێکی دوژمنکاریی خوێناوی لەنێوان ئیسرائیل و تورکیا ڕوویدا. بووە هۆی کوشتنی (٩) نۆ کەسی مەدەنی تورك و برینداربونی دەیان کەسی ترو، دەست بەسەراگرتنی ئەو کەشتیە گەورەیەی تورکیا وەك هاوکاری مرۆیی ڕەوانەی کردبو بۆ کەرتی غەززە. ئەگەرچی پێشوتر کاروانەکە لەلایەن ئیسرائیلەوە ئاگادار کرابویەوە، کەناهێڵن بگاتە شوێنی خۆی، قسەکەری فەرمی سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاندبو، کەشتی جەنگیان ڕووبەڕووی ئەو کاروانە جولاّندووە کە لەتورکیاوە ڕەوانەکراوە.

وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل "ئاڤیگدۆر لیبرمان" ووتی: ئامادەین کاروانەکە بوەستێنین بەهەر نرخێك بێت، ناردنی ئەم کاروانەشی بە "دەستدرێژیی کردن بۆ سەر ئیسرائیل" ناوبرد... بەلاّم سەرنشینەکانی کەشتیی ئازادی- Freedom Flotilla سوور بون لەسەرئەوەی کە چالاکییەکەیان بەئەنجام بگەیەنن، لەنزیك شاری لیماسۆڵ لەقوبرسی باشور پێش ئەوەی ئاڕاستەی کەشتیەکان ڕووەو غەززە بکرێتەوە، بەڕێگەی ئاسمانی کۆماندۆی ئیسرائیلی دابەزین و تەقەیان لێ کردن، دەستیان بەسەر کۆی کاروانەکەشدا گرت (Brackman,2011,p.8).

ئوستوڵە دەریاییەکەی تورکیا کە لەئیستانبوڵەوە، لەتەنگەبەرەکانی مەڕمەڕەوە بەڕێکەوت بو، لە(٦) شەش کەشتی پێکهاتبو، (٣) دانەیان هاریکاریی و کەرەستەی خۆراکی و دەرمان و پێداویستی تری لەخۆگرتبو، (٣) دانەکەی تریشیان بۆ گواستنەوەی خۆبەخشەکان بوو تا هاوکاری و یارمەتییە مرۆییەکان پێشکەش بکەن. ئەو کەسانەی لەم کاروانە ئاوییەدا بەشدارییان کردبو خەڵکی (٣٢) دەوڵەتی جیاوازی جیهان بوون، ناسنامەی جۆراوجۆریان پێبو، ژمارەیان زیاتر لە (٧٠٠) سەرنشین بوو، ئەمانە پێکهاتبون لە: چەندین کۆمەڵەی مەدەنی و دەستەی فریاگوزاریی و مافی مرۆڤ و ئازادییەکان The Foundation for Human Rights and Freedoms and Humanitarian Relief (IHH) کە لەسەرجەم جیهانی ئیسلامیدا چالاکیان هەبووە. کۆی پرۆسەکەش لەلایەن (بولنت یولدرم- Bülent Yıldırım)ەوە سەرپەرشتی ئەکرا کەسەرۆکی ڕێکخراوی فریاکەوتنی ئیسلامیە لەتورکیا.

کاردانەوە سەربازییەکەی ئیسرائیل بۆ سەر "ئوستوڵی ئازادیی" یان "کەشتیی مافی مەڕمەڕە" یاخو " کەشتی غەززە"شی پێ ئەوترێت کە گەورەترین کەشتیەك بوو لەقافڵەکەدا، قووڵترین قەیرانە لەمێژوودا ڕووی کردبێتە پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل. تورکیا هەموو وزەی خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕووداوێکی وا مەترسیدار خستە گەڕ.. ئەوە یەکەمین جارە لەدوای جەنگ یەکەمی جیهانییەوە (٩) هاوڵاتی تورکی لەکارێکی دوژمنکارانەی دەرەکیدا بکوژرێن.. تورکیا باڵوێزی خۆی لەئیسرائیل کشاندەوە، باڵوێزی ئیسرائیلیشی لەوڵاتەکەی بانگکردو، نارەحەتیەکانی خۆیانی بۆ باسکرد لەمەڕ ئەو کارە خوێناوییە.. گەشتە گەشتوگوزارییە

**دەریاییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگرت (**Palestine Strategic Report,2010, p.174**). داوایانکرد ئەنجومەنی ئاسایش بەپەلە کۆبێتەوە، هەروەك باڵوێزی ئیسرائیلیان لە ئەنقەرە دەرکرد.**

**بەگشتی تورکیا ئەم داواکارییەکانی خۆی وەك مەرج بۆ ئیسرائیل لەبەیاننامەیەکدا خستە ڕوو، کەئەمانە بوون :**

**١- کەشتیەکان بۆ تورکیا بگەڕێنەوە.**

**٢- ئازادکردنی سەرجەم ئەوانەی لەکەشتیەکەدا بوون کە ناسنامەی جیاجیایان هەیە.**

**٣- داوای لێبوردنی فەرمیی ئیسرائیل بۆ تورکیا.**

**٤- قەرەبوکردنەوەی قوربانییان.**

**٥- بانگهێشت کردنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی.**

**٦- شکاندنی ئابلۆقەکە لەسەر کەرتی غەززە (Turan,2011,p.3).**

**داود ئۆغلۆ، ڕایگەیاند داخوازییەکانی تورکیا لەو بەیاننامەیەدا بەرجەستە بون، کەلەدوای ڕووداوەکە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دەرکراوە. لەگەڵیشیدا هێرشەکەی ئیسرائیلی بۆسەر کەشتی ماڤی مەڕمەڕە بە(١١ی سێپتەمبەری تورکی) ناوبرد. هەرچی سەرۆکی حکومەتی تورکیا "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان" یشە، وتارێکی ئاگرینی لەبەردەم پەرلەمانی تورکیا لە (١/٦/٢٠١٠) لەدژی ڕەفتارەکانی ئیسرائیل دا گوتی "هاوڕێیەتی لەگەڵ تورکیا چەند بەهێز بو، دوژمنایەتیش ئەوەندە بەهێز ئەبێت" (**Palestine Strategic Report, 2010, p.174**).**

**بەزانینی ئەوەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێشوتر، ئەردۆگان داوایکرد سزای "ئیسرائیل" بدرێت، وتی: "تورکیا وەك ولآتانی تر نییە، تورکیا ولآتی هۆزو بنەماڵە نییە.".**

لێدوان و هەڕەشەکانی بەرپرسانی تورکیا، لەیەکەم ساتەکانی هێرش کردنە سەر "کەشتی غەززە" ەوە بەردەوام بو، عومەر تشیلیك - Omer Celik جێگری سەرۆکی حزبی دادوگەشەپێدان گوتی: تورکیا هەموو ڕێککەوتنە سەربازییەکانی لەگەڵ "ئیسرائیل" هەڵدەوەشێنێتەوە. تەنها ئەوانە نەبێت کەمۆرکێکی لەیاساو پەیمانە نێو- دەوڵەتیەکاندا وەرگرتووە. هەروەها سەرۆکی تورکیا "گویل" هەڵوێستێکی گونجاوو میانڕەوتری هەبو گوتی " تورکیاو ئیسرائیل لەگەڵ ئەم هەموو بارگرژییەی لەپەیوەندییەکانیاندا دروست بووە، دوو هاوڕێی یەکترین، پەیوەندییەکانیان ئەمێنێتەوە، هەروەك چەند سەدەیە پەیوەندییان هەیە، تورکیا یەکەمین دەوڵەتە کەخاوەنی زۆرترین موسڵمانەو ساڵی (١٩٤٩) دانی بە سەربەخۆیی دەوڵەتی ئیسرائیلدا ناوە، چاوەڕێ ئەکەین ئیسرائیل چەند هەنگاوێك بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان بگرێتە بەر .(Palmer,Uribe,2011,p.69)

وەزیری بەرگریی تورکی وەجدی گۆنول - Vecdi Gonulیش وتی: بۆندی فڕۆکەی هیرۆن- Heron UAVs کەتورکیا هەیەتی لەگەڵ ئیسرائیل کاریگەریی لەسەر مەسەلەی کەشتی غەززە نابێت، ڕادەست ئەکرێت بەپێی ئەو بەڵێنەی پێشوتر بڕیاری لەسەردراوە. ئەگەرچی تورکیا دەستپێشخەریی کرد لەقەدەغەکردنی تێپەڕینی فڕۆکەی سەربازیی ئیسرائیلی بەسەر خاکی تورکیادا، وەك ڕێگەیەك بۆ وڵاتانی تر (Basl,8\9\2011).

لەگەڵ هەموو ڕاڕایی و بارگرژییەکانیش لەنێوان هەردوو وڵاتدا، هێشتا پەیوەندییە ئابورییەکان لەدەرەوەی کاریگەرییەکان، بەردەوامیان هەیە لەنێوان تورکیاو ئیسرائیلدا، دەستگەی ئاماری تورکیا- Turkish

StatisticalInstitute جەختی کردەوە کە هەناردەکردنی تورکیا بۆ ئیسرائیل لەم ساڵی (٢٠١٠) دا (٢,٠٨٣,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیارو هەشتاو سێ ملیۆن دۆلاربووە، لەبەرانبەر (١,٥٢٢,٠٤٠,٠٠٠) یەك ملیارو پێنج سەد و بیست و دوو ملیۆن چل هەزار دۆلاری ساڵی (٢٠٠٩)دا. "ڕێژەکە بەنزیکەی سەدا هەزار دابەزیوە لەیەك ساڵدا"(Szymański, 2010, p. 187).

هەروەها هاوردەکردنی تورکیا لەئیسرائیلەوە بایی (١,٣٥٩,٠٦٠,٠٠٠) یەك ملیارو سێ سەدو پەنجاو نۆ ملیۆن و شەست هەزار دۆلار بووە لەساڵی (٢٠١٠)دا، ئەمە لەبەرانبەر(١,٠٧٤,٧٠٠,٠٠٠) یەك ملیارو حەفتاو چوار ملیۆنو حەوت سەد هەزار دۆلاری لەساڵی (٢٠٠٩) دا.. قەبارەی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات لەساڵی (٢٠١٠) نزیکەی (٣,٤٣٩,٦٠٠,٠٠٠) سێ ملیارو چوار سەدو سیو نۆ ملیۆنو شەش سەد هەزارو دۆلار بووە، بەرانبەر (٢,٥٩٧,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیاو پێنج سەدو نەوەدو حەوت ملیۆن دۆلاری ساڵی (٢٠٠٩) بووە. هەروەها بەهای ئەوەی بەڵێندەرە تورکەکان لەپرۆژەکاندا لەئیسرائیل جێبەجێیان کردووە، لەنیوەی ساڵی (٢٠١٠) دا (٥٨٣,٠٠٠,٠٠٠) پێنج سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دۆلار بووە.. ئینجا بەپێی ئەو ژمارانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و گەشتوگوزاری تورکیا بلاۆیانکردەوە، ژمارەی گەشتیاری ئیسرائیلی بۆ تورکیا لەساڵی (٢٠١٠) ەدا لەچاو دووساڵی پێشوتر پێنج هێندەی خۆی پاشەکشەی کردووە. ساڵی (٢٠٠٨) ژمارەی گەشتیاری ئیسرائیلی بۆ تورکیا (٥٨٨,١٨٣) پێنج سەدو هەشتاو هەشت هەزارو سەدو هەشتاو سێ گەشتیار بووە، ساڵی (٢٠٠٩) کردویەتی بە (٣١١,٥٨٢) سێ سەدو یازدە هەزارو پێنج سەدو هەشتاو دوو گەشتیار بووە، ساڵی (٢٠١٠)ش

دابەزیووە بۆ (١٠٩,٥٩٩) سەدو نۆ هەزارو پێنج سەدوو نەوەدو نۆ گەشتیار (Palestine Strategic Report,2010,p.179).

بەشێوەیەکی گشتی، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماتی و سەربازی و مانۆڕە هاوبەشەکانی ئەم دو وڵاتە لەساڵی (٢٠١٠-٢٠١٥) وەستاوە، کەچی یوەندییە ئابوریی و بازرگانیەکانیان هەر وەك خۆی ماوەو، لەگەشەکردنیشدا بووە، بڕواننە ئەم خشتەیە کە لەبەر ڕۆشنایی داتاکانی "سەنتەری جەزیرە بۆ توێژینەوە" ئامادە کراوە: ( Al-Jazeera Center for Studies, August20,2015).

| ساڵ | هەناردەکردنی تورکیا بۆ ئیسرائیل ژمارە : (بە ملیار دۆلار $) | کۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەردولا ژمارە: (بە ملیار دۆلار $) |
|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ١,٥٢٢ | ٢,٥٩٧ |
| ٢٠١٠ | ٢,٠٨٠ | ٣,٤٣٩ |
| ٢٠١١ | ٢,٣٩١ | ٤,٤٤٨ |
| ٢٠١٢ | ٢,٣٢٢ | ٤,٠٣٩ |
| ٢٠١٣ | ٢,٦٤٩ | ٥,٠٦٧ |
| ٢٠١٤ | ٢,٩٥٠ | ٥,٧٠٠ |
| تا حوزەیرانی ٢٠١٥ | ١,٣٧٠ | ٥٠٠ ملیۆن |

## ٤-٣. هەندێك بابەتی ناوچەیی كە كاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە دوو قۆڵییەكان هەیە

### ٤-٣-١. چەكی ئەتۆمی و سیستەمی ڕاداری ئێرانی

سیاسەتی ئەمریكا لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەگەڵ دەركەوتنی سیستەمی جیهانی تازەدا، لەسەر (٣) دینگە ڕاوەستاوە: یەكەم: سیاسەتی دەستەمۆكردنی ئێران و داماڵینی لە چەكی ئەتۆمی. دووەم: پرۆسەی ئاشتی عەرەبی –ئیسرائیل. سێهەم: دروستكردن و پاراستنی هاوپەیمانێتی لەنێوان توركیاو ئیسرائیلدا.. هەرچی پەیوەستە بەئێرانەوە، ئیسرائیل وای ئەبینێت، كە هێزێكی ناوچەییەو، ئەبێتە هەڕەشەیەكی ڕاستەقینە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی وڵاتەكەی. جگە لەوەی لەكێبركێیەكی نێوچەییدایە لەگەڵ ئیسرائیل، ژێرخانی سەربازیی ئێران گەیشتبووە ئاستی دروستكردنی چەكی كیمیاوی و مووشەكی بالیستی و ئەتۆمی و سیستەمی ڕادار ( National Defense Journal,1\10\2010). هەرچەندە ئیسرائیل لەساڵی (٢٠١٥)دا بۆتە خاوەنی (٣٠٠) بۆمبو گوللەی ئەتۆمی، بەڵام هەر فۆكس لەسەر ئێرانە، گرنگە ئەوە لەیاد نەكەین، كەئیسرائیل لەماوەی (٤٠) ساڵ شەڕكردنی دا لەگەڵ عەرەبەكان، هیچ كاتێك هەڕەشەی بەكارهێنانی چەكی ئەتۆمی نەكردووە، تەنانەت لەجەنگی ساڵی (١٩٧٣) دا، میسر و سوریا هێرشیشیان كردە سەری، ئەوكاتە ئیسرائیل خاوەنی (١٣) بۆمبی ئەتۆمی بو، توانای بەكارهێنانی فرۆكەی " فانتۆم و كەفیر" یشی هەبو.

ئێران، پشتیوانێکی سەرەکی حزبوڵڵای لوبنانیە، بۆیە یەکێك لەو بنەمایانەی پەیوەندیی تورکیاو ئیسرائیلی لەسەر دامەزراوەو ئەمریکا تیایدا بەشدارە، بریتیە لەوەی کارتێکی فشار بن بۆ سەر ئێران. لەڕێگەی بەکارهێنانی پیگەی جوگرافی تورکیاوە بنکەی سەربازیی و هەواڵگریی دابنێن، توانای ئەوەیان هەبێت، خاکی تورکیا بۆ لێدان لەبنکە سەرەکییە سەربازییەکانی ئێران بەکار بهێنن.

کاتێك لە(٣١/٥/٢٠١٠) ڕووداوەکەی کەشتی غەززە ڕوویدا. دەستبەجێ هەڵوێستی ئەمریکا بریتی بو لە پاڵپشتی کردنی ئیسرائیل. بۆیە ویلایەتە یەکگرتوەکان ویستی ڕووداوەکە ڕەهەندێکی نێو- دەوڵەتی وەربگرێت، جێگری سەرۆکی ئەمریکا "جۆ بایدن-Joe Biden" گوتی : ئیسرائیل هەقی خۆی بەو شێوەیە ڕەفتاری کردووە.. هەر لەچرکە ساتەکانی یەکەمی ڕووداوەکەی کەشتی مافی مەرمەڕەوە، پشتیوانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل ڕوون بو، نەیانهێشت لەئەنجومەنی ئاسایش هیچ بڕیارێك بۆ ئیدانەکردنی ئیسرائیل دەربچێت (Balci& Kardaş, 2012, p. 104).

هەڵوێستی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل هەڵوێستێکی ڕاستەقینەو دیار بو، هەرچەندە لەساڵی (٢٠٠٥) ئەردۆگان ڕایگەیاند: تورکیا دوودڵی بۆ دروستبووە لەبەرانبەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دا،،، وەلێ دواتر ئاڕاستەی هەڵوێست و کارکردنی حکومەتی تورکیا بەرانبەر ئێران گۆڕا. بۆیە ویلایەتە یەکگرتوەکان ویستی دەرسێك بە تورکیا بدات، لە (١١/٥/٢٠١٠) دا ئەنقەرە بەشداری کرد لە بەیەکگەیاندنی تاران و بەرازیل بۆ هاوکاری لەچەکی ئەتۆمیدا، تا پێکەوە کاربکەن.!. بەتایبەتی ئەوکاتانە تورکیا لەگەڵ بەرازیل وەك یاریکەرێك لەسەر گۆڕەپانی شانۆی

جیهانی دەرئەکەوت، تەنانەت کاریان گەیاندبو بەوەی تورکیا لەگەڵ ئێران ئاڵوگۆڕی یۆرانیوم بکەن و لەسەر خاکی تورکیا یۆرانیوم بپیتێنن. تورکیا ڕەتیشی کردەوە قایل بێت بەبڕیارە نێودەوڵەتیەکان کە سزای ئابوری و سیاسیی ئێران ئەدەن. بۆیە لەکاتی هێرشکردن بۆ سەر کەشتی غەززە، ئەمریکا پاڵپشتی ئیسرائیلی کرد، تا بەو پەیامە تورکیا ئاگادار بکاتەوە لە هەڵوێست و مامەڵەکانی بەرانبەر ئێران و غەززە (Palestine StratigicReport,2010,P.175).

لە (٢٠١٠/٧/١٣) دا.. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هیلاری کلینتۆن داوا لە هاوتا تورکیەکەی ئەحمەد داود ئۆغلۆ ئەکات کە: پاشەکشێ بکەن لە مەلەفی چەکی ناوەکی ئێران، ڕۆڵی " واشنتۆن" یشی بۆ روون ئەکاتەوە، لەڕوداوی هێرش کردنە سەرکەشتی غەززە، بێزاری ئەمریکای پێگەیاند لەهەڵوێستەکانی تورکیا بەرانبەر ئێران (بەتایبەتی لەوماوەیەدا جگە لەناکۆکیەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل، سەرۆکوماری ئیسلامی ئێران دروشمی "ئیسرائیل لەسەر نەخشە ئەسڕینەوە" بەرز کردبوەوە) .. هەر خێرا داود ئۆغلۆ داواکەی کلینتۆنی ڕەتکردەوەو گوتی "ئەمە یەکێکە لەوانەی کە تورکیای پێ سنوردار ناکرێت لەو مەسەلانەی بایەخی پێ ئەدات، ئەوەش شتێکە بەرژەوەندیی تورکیا وا ئەخوازێت لەگەڵ ئێران نزیك بێتەوە ."(Ukasha&Abdl-qadr, 2010).

لەدوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی (٢٠١١) ەوە، ئێران و ئەمریکا بەردەوام چەندین دانشتنی نهێنیان لەولاَتانی دونیا ئەنجامداوە، سەبارەت بە پرسی ڕێککەوتن لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، تا لە (٢٠١٣/١١/٢٠) بەئاشکرا ئێران و ولاَتانی کۆمەڵەی (٥+١) یاخود ئێران و خۆرئاوا گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی (Munahi, 2015). لە کۆتا ڕۆژەکانی دانوستان لە ڤیەننا، تەلەفزیۆنی فەرمی ئێرانی لە

زاری فەرماندەی هێزە ئاسمانیەکان لەپارێزگاری شۆڕش جەنەراڵ "فەرزاد ئیسماعیلی" بڵاویکردەوە، کە: ئێران سیستەمی "ڕادار"ی لە شاری ئەهواز داناوە،لە باشوری خۆرئاوای هەرێمی خوزستان نزیك لە ناوچە سنورییەکانی عێراق. هەروەها ڕایگەیاند سیستەمی "ڕادار" ی نوێی ئێران ناوی "بەتواناترین –قدیر-Capable"ی لەخۆگرتووە. سەرلەبەری دیزاین و دروستکردنی خودی ئێران خۆیەتی. ئەتوانێت فڕۆکەیەك لەدووری(٦٠٠)کم و ساروخێکی بالیستی لە دووری (١١٠٠) کم ەوە بکاتە نیشان و بیپێکێت . ئاژانسی "فارس" ی ئێرانی هەر لەزاری ئیسماعیلیەوە ئاماژەی بەوەکرد کە "ڕادار"ی ئێرانی بەهەمان شێوە ئەتوانێت فڕۆکەی بچوکی بێ فڕۆکەوان بپێکێت (Toukan,2009,p.31). بەم پێیەش ئێران ئەو هەنگاوانە بۆ پەرەپێدانی بەرگریی ئاسمانی بگرێتەبەر، کە لە ڕابردوودا ئەمریکاو ئیسرائیل وەك (ئەگەر) دایانناوە بۆ هێرش کردنە سەر ئێران، بەهۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە.

بەرەبەیانی (١٤ی تەمموزی ٢٠١٥) کاتژمێر (١٠:٣٠) بەکاتی ئێران، وە (٨:٣٠) بەتەوقیتی گرینتیش، ئەستێڵی مێژوو ڕێککەوتنێکی گەورەی تری لەڤیەننا لەخۆ گرت. ئەویش بە ڕێککەوتننامەی ئێران و وڵاتانی (٥+١) ناسراوە. ئەم پێکهاتنە کۆتاییەی ئێران و ئەمریکا لەسەر "چەکی ئەتۆمی" کە پەیوەندیی بەباڵانسی هێزەوە هەیە لەجیهاندا، لاپەڕەیەکی تازەیە لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا.

### ٤-٣-١-١. سروشت و زەمینەی ڕێککەوتنامەکە

بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندییە دیبلۆماسیەکان،تا ئەندازەیەکی باش پێویستمان بەقسەکردنە لەسەر کەسێتی سەرۆك کۆمار "حەسەنی

ڕۆحانی".. ڕۆحانی: پیاوی دیبلۆماسییەت لەدەرەوە و، شکاندنی شکۆی مافی مرۆڤ لەناوەوە، حەوتەمین سەرۆك کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. لەتەمەنی کاری سیاسییدا، ئەندام بووە لە: ئەنجومەنی بالآی ئاسایشی نەتەوەیی ساڵی (١٩٨٩)، ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی سیستەم لەئێران ساڵی (١٩٩١)، ئەنجومەنی شارەزایان ساڵی (١٩٩٩). سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژیی ئێران ساڵی (١٩٩٢) .سەرۆکی گەورەترین وەفدەکانی دانوستاندن بووە سەبارەت بەچەکی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، چەندین کتێبی دانسقەی لەبواری ئاسایشی نیشتمانی و فکری سیاسیی ئیسلامی و چەکە ئەتۆمیەکانی ئێران و سیاسەتی دەرەوە دا هەیە(Al-Jazeera,2013).

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵێنی دا: پرسی ئابلۆقەی سیاسیی و ئابوریی سەر ئێران چارەسەر بکات. هاولاّتیانی ئێرانی متمانەیەکی زۆریان لەسەر هەڵچنیبوو، بۆیە لە(١٥/٦/٢٠١٣) ڕێژەی (٥٠،٨٦٪) ی دەنگدەرانی بەدەستهێنا و بوو بە سەرۆك کۆماری ئیسلامیی ئێران(Munahi, 2015). لێرەوە ئەمریکا (ئۆباما) ش ونبوی خۆی دۆزیەوەو، موجامەلات و کۆبونەوە نهێنییەکانی نێوان (ئێران- واشنتۆن) دەست پێدەکات وەکو:

١- بێدەنگیەکانی ئەمریکا سەبارەت بەکۆنترۆڵکردنی عێراق و ڕەفتارەکانی ئێران لەناوچەکەدا.

٢- بانگهێشتکردن و بەشداری پێکردنی ئێران لە کۆنگرەی جنێف ٢ دا.

٣- کشانەوەو بێدەنگی لێکردنی ئەمریکا لەبەدوادا گەڕانی تیمەکانی پشکنینی چەکی کیمیایی لەسوریا. ئەمەش بێدەنگی و موجامەلەیەکی تری ئەمریکا بوو بۆ ئێران.

٤- بێدەنگی لێکردن لەهەڵسوکەوتەکانی ئێران، لەتەنگەبەرە ئاوییەکانی سوێس و وڵاتانی کەنداو، دەست تێکەڵکردنی ئێران لەگەڵ چین، ڕوسیا... هتد.... یانی بەگشتی ئۆباما لەماوەی دەستەڵاتی دا، ویستی بگاتە فۆڕمێك لەچارەسەر بەرانبەر بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران (Al-Jazeera,23\7\2015).

ئیتر لە(٢٠/١١/٢٠١٣) یەکەمین ڕێککەوتنی ئاشکرای نێوان ئێران و پێنج وڵاتە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش وە بەبەشداری ئەڵمانیا، ئیمزا کرا، ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلس ڕایگەیاند، پێش ئەم ڕێککەوتنە (٥) جار لە (٥) وڵاتی جیا، زۆر بەنهێنی وەفدی ئێران و ئەمریکا کۆبونەتەوە.. نهێنی ترینیان لە سەڵتەنەتی " عومان" بووە، دواتر هەر پاشای عومانیش بوەتە نامە بەریان (Munahi, M, 2015).

بەندەکانی ڕێککەوتنەکە، بەزۆری لەدەوری ئەوە ئەخولێنەوە، نابێت کورە ئەتۆمییەکانی (ئاراك) بەهیچ شێوەیەك ئیش بکات (ئەمێنێتەوە، بەڵام لەو بڕە زیاتر نابێت چالاك بێت کە بۆی دانراوە). ئاراك ئەو شوێنەیە کە یۆرانیۆمی تیا ئەپیتێنرێت. نابێت ئاوی قورس، یان هەر ئامێر و هۆکارێك ئەبێتە هۆی چالاکبونی ئاراك ڕەوانە بکرێت، جیهازی(تەردی مەرکەزیی) کەم بکرێتەوە (Al-jazerra,2013) (لەنیسانی ٢٠١٥)دا ئێران لە(١٩) هەزار ئامێری تەردی مەرکەزی گەیاندە (٦١٠٤) ئامێر لەبەندەکاندا هاتووە کە بچێتە نزیکەی (٥٠٠٠)... بەئاراستەی پابەندبون بە ڕێککەوتنەکانەوە (Al-Jazeera, 2013).

### ٤-٣-١-٢. بیست مانگ گفتوگۆ کردن و دابەشبونی ناوەندەکانی بڕیار لەئێران

سیاسەتی دەرەوەی ئێران، لەسەر بنەمای دژایەتی کردنی ئەمریکاو ئیسرائیل دامەزراوە.. هەر خەڵکی ئێرانیش وەك خوویەك وەریانگرتووە، کە دژایەتی ئەو دوو وڵاتە بکەن بەو ناونیشانە بەناوبانگەی " مەرگ بر ئەمریکا".. لەدوای ئەم ڕێککەوتنەوە بەردەوام سەدان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئەچنە ئێران و،گەلانی ئێران ئەکرێنەوە بەرەو ڕووی دونیای دەرەوە.

هەر لەپەیوەند بە قەیرانە ئەتۆمیەکەی ئێران و شڵەژانی دۆخی دارایی و دراوەکەی، ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیی لە ئێراندا، بونەتە دوو بەشەوە، بەشێکیان: لەگەڵ ئەوەیە ئێران لەگەڵ ئەوروپاو ئەمریکاو ئەنجومەنی ئاسایش ڕێك بکەوێت و، ئەم دابڕان و خۆ گۆشەگیرکردنەی (٤٠) ساڵە ئێرانی برسیکردووە، کۆتایی پێ بێت. کە ئەم باڵە "میانڕەوەکانن" و "حەسەنی ڕۆحانی" لەگەڵە.. باڵی دووهەمیش "توندڕەوەکان" و سوپای پاسدارانن، کە لەسەرەتاوە لەگەڵ ڕێککەوتنەکە نین، ئەمانە لایانوایە: نەخێر، ئێران بەردەوام بێت لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم و، درێژە بەبەرنامە ئەتۆمیەکەی بدات، لەگەڵیشیدا سیاسەتەکانی کە سەرکەوتوو بووە لەدەستوەردان لە: عێراق، کەنداو، سوریا، لوبنان، یەمەن... تادوایی. بەردەوام بێت و، خەریکی ئەو کارانە بێت لەڕۆژهەڵاتدا، تا سەری لەشوێنێکەوە هەر دەرئەچێت (Toukan,2009,p.80).

لەبەرەبەیانی ڕۆژی (١٤ی تەموزی٢٠١٥) دوای (١٦) ڕۆژ گفتوگۆی بەردەوام، ئێران و خۆرئاوا (کۆمەڵەی ٥+١) گەیشتنە ڕێککەوتنی کۆتایی (Al-Jazeera,2015). تا (١٠) ساڵ ئێران لەژێر چاودێریی

نەتەوەیەکگرتوەکان ئەبێت نەوەکو چەکی ئەتۆمی بەرهەم بهێنێت، بۆی نییە لەو ڕێژەیەی بۆی دانراوە (٣،٦٧٪) بپیتێنێت، ئەبێت ڕێگە بەتیمی پشکنەرانی نێودەوڵەتی بدات تا پێگە سەربازییەکانی ئێران بپشکنێت.

لەبەرانبەریشدا: (١٢٠) ملیاری تەجمیدکراوی ئێران ئەگەڕێنرێتەوە، یەکسەر هەموو ئابڵوقەیەکی نەوتی و ئابوریی و سیاسیش لەلایەن یەکێتی ئەوروپاو ئەنجومەنی ئاسایش و ئەمریکاوە، هەڵدەگیرێت لەسەر ئێران (Munahi,2015). بەمە ئێران لەڕووی ئابورییەوە ئەبوژێتەوەو، ئیتر ئەو بیانووە بەدەست دەستەڵاتدارانی ئێرانەوە نامێنێت: وەختێك چەند ساڵە خەڵك لەبرسا دەمرێت، نان نییە بیخۆن، پارە نییە بچنە نەخۆشخانە، پێیان بڵێن: ئێمە ئابڵوقەی ئەمریکاو ئیسرائیلمان لەسەرە.. ئیتر ئەمە نەما.. ئەبێت بەڵێنەکانی رۆحانی کە لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا دابوی، هاتبێتە دی، هەر بۆیەش لەدوای ئەنجامی کۆتایی ڕێککەوتنەکەوە دانیشتوانی ئێران ڕژانە شەقامەکان بۆ خۆشی دەربڕین.. هەر لە (مانگی ئابی ٢٠١٥)دا ئێران بڕیاریدا دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا" لەناوەندەکانی دا هەڵبگرێت و نەیهێڵێت.

نابێت ئەوەمان بیربچێت: کە بەیەك دێڕیش ئەم ڕێککەوتنە باسی مافی مرۆڤ و خراپی ڕەوشی جیهانی و مرۆیی نەکردووە، نە لەناوخۆی ئێران، نەئەوەی هەردولا لەدەرەوە ئەنجامی ئەدەن، نەبۆ ئەو پێشلکاریانەی لە ڕابردوودا کراون، نەبۆ ئەوانەی ئێستاو ئایندە ئەکرێن.

## ٤-٣-١-٣. کاریگەریی ڕێککەوتننامەکە لەسەر وڵاتانی عەرەبو کەنداو

ئەگەرچی لەڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و کۆمەڵەی ٥+١دا، بەهیچ شێوەیەکیش باس لەمەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکراوە، تەنها باسی

"ئەتۆم" کراوەو، ئەمریکاو ولاّتانی ئەوروپا ئەوەندە ساڵە ویستویانە ئێران نەگاتە چەکی ئەتۆم و بەدەستی نەهێنێت.. بەلاّم ئەم سازانە ئەتۆمییە دوور نییە سازانی هەموو لایەنەکانی تریش نەگرێتەوە (Aid, 2015).

سعودیە، سەرپەرشتی بەرەی عەرەبی سوونە ئەکات بۆ بەگژاچونەوەی شیعە لەناوچەکەدا، بەتایبەتی لەیەمەن. لە(٢٠١٥)دا، سعودیە (٦) ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕووسیا ئیمزا کردووە، دیارترینیان ڕێککەوتنی هاریکارییە بۆ ووزەی ئەتۆمی، بایی (١٠) ملیار دۆلار سەفقەی چەکی هەبووە .(٤٠٠) فڕۆکەی بەرگریی ئاسمانی لێ کڕیوە. لەکاتێکدا ڕووسیا هاوپەیمانی هەیە لەگەڵ ئێران وە سوریا (Xazir,2015). بەلاّم ئەمە جگە لەسەندنەوەی پارە شتێکی تر نییە، کە زلهێزەکان ئەیکەن، سعودییە، وەك ئیسرائیل، وەك تورکیا ماوەیەکی زۆرە نیگەرانن لەنزیکبونەوەکانی ئێران و ئەمریکا. بۆیە بەهێزترین ئەگەر ئەوەیە لەماوەی دوای ئەم ڕێککەوتنەوە، سعودییە، ئیسرائیل، میسر، تورکیا، قەتەر، ولاّتانی دیکەی عەرەبی هاوپەیمانێتیەك دروست بکەن.

### ٤-٣-١-٤. نیگەرانییەکانی ئیسرائیل لەڕێککەوتننامەی ئێران و کۆمەڵەی (٥+١)

ولاّتانی کەنداوی فارس، دراوسێکانی ئێران لەپاکستان و ئازەربایجان و تورکیاو ڕوسیاو.. زۆربەی ولاّتانی دی، ئەگەری ئەوە پێش چاو دەخەن، کە لەئایندەیەکدا ئێران ببێتە دەوڵەتێکی بەتوانا لەدوا ڕۆژدا، بەتایبەت کەئێران ولاّتێکی پیشەسازییە، سەری کێشاوە بۆ پیشەسازیی گەورەی وەکو: "کارگەکانی ئۆتۆمبیل، پترۆکیماویی،

کارخانەکانی دروستکردنی فرۆکە". هەندێکی تریش پێیان وایە: ئێران کارتێکی سوتاوە. لەبەرئەوەی دوو تیپی فوتبۆلێن ڕووبەڕووی یەك ئەبنەوە، بەهەر شێوەیەك بێت دەبێت دواجار یەکێك بیباتەوەو ئەویتر بیدۆڕێنێ.

ئیسرائیل دوژمنێکی سەرسەختی ئێرانە، هاوپەیمانێکی گەورەی ئەمریکاو خۆرئاواشە، ژمارەی دانیشتوانەکەی بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠١٢) دەکاتە نزیکەی (٧،٥) ملیۆن و نیوە، ژمارەی سوپاکەی لە ملیۆنێك زیاتر نییە. کەچی (٢٢) دەوڵەتی عەرەبی و ئێرانێکی (٨٠) ملیۆنی گیریان خواردووە بەدەستییەوە، بگرە بەشێکە لەئاراستەکردنی سیاسەتی جیهانیش (Munahi,2015) سەرباری ئابڵوقەکانی سەر عەرەب و فەلەستین، زۆر وڵاتی وەك ئوردن، میسر، قەتەر، مەغریب، سعودییە.. ڕێککەوتننامەو چپەچپ و دانشتنیان پێکەوە هەیە. وەختە ڕوون بێتەوە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی وەك " داعش" پلانێکی تورکی- ئیسرائیلین دژی ئێران و لەقالبدانی سیاسەتی شیعی لەناوچەکەدا.

بەرپرسانی ئەمریکا ئەوەیان نەشاردۆتەوە، کەئیسرائیل لەڕۆژهەلاتدا، سەر ئێشەیەکی زۆری بۆ دروستکردون، باراك ئۆباماش وەك وەلامێك بۆ نیگەرانییەکانی ئیسرائیل لەکاتی ڕێککەوتنامەکەی ئێران و کۆمەڵەی (٥+١) ووتی: ناکرێت چارەسەری دیبلۆماسییانەو ئاشتییانە لەگەڵ ئێران ڕەچاونەکەین.. بەریتانیا بەئیسرائیلی گوت: دەبێت ڕێز لەبڕیارەکانی ڕێککەوتننامەی ئێران و کۆمەڵی نێودەوڵەتی بگرن (Al-Jazeera,2015).

ئیسرائیل بەخێرایی شاندێکی ئەنجومەنی ئاسایشی خۆی ڕەوانەی واشنتۆن کرد. ئەگەر لەڕابردوودا، ئیسرائیل لافوگەزافی ئەوەی لێ ئەدا، کەتوانای ئابوریی ئەمریکا بەدەست ئەوەو تەحەکوم بەسیاسەتی سەرۆکەکانی ئەمریکاوە دەکاو ئەوە لۆبیەکانی ئیسرائیلن کە

ئەمریکایان لەسەر دوو قاچ ڕاگرتووە. لەواقیعدا ئەم ڕێککەوتنە دەری خست، کەوا نییە. بۆیە ئێستا ئیسرائیل کەوتۆتە ژێر فشارێکی گەورەوە، لەبەرامبەریشدا ئەمریکاش بەڕەهایی ناتوانێت نیگەرانییەکانی ئیسرائیل لەبەرچاو نەگرێت. هەر لەبەرامبەر ئەمانەشدا بیریان لەئاڕاستەکردن و هەناردەکردنی داعش و گروپە توندڕەوکان کردەوە بۆ ناوچەکە.

ئەمە ئەمانخاتە بەر ئەو دەرەنجامەی، کە ئەگەرە لەئایندەیەکدا (چەك لەبەرامبەر چەك) ڕابوەستێت، ئیسرائیل و سعودییە و ولاّتانی تری ئیمارات کەنیگەرانن پڕچەکتر دەکرێن (Munahi,2015).

## ٤-٣-٢. پێگەی تورکیا و کێبڕکێکان لەسەر نەوت و گازی سروشتی

### ٤-٣-٢-١. گەڕان و دۆزینەوەی گازی سروشتی لە دەریای ناوەڕاست

گەڕان و دۆزینەوەی گازی سروشتی لەدەریای سپی ناوەڕاستدا، بەدیاریکراویش لەنێوان هەریەکە لەقوبرس و ئیسرائیلدا، یەکێکە لەگەورەترین مشتومڕو ناکۆکیەکان لەنێوان: تورکیا و قوبرس و ئیسرائیل و میسر و یۆنان و بلۆکە تازەکانی ناوچەکەدا. پێش هەرشتێك بەڵگەی ئەوەیە جیهان لەسەدەی بیستویەکدا تینووی ووزەیە. ڕەنگە لەئایندەدا ببێتە هۆی دۆزینەوەی چەندین کێڵگەی غازیی تر. لەساڵی (٢٠٠٩)دا "کێڵگەی تمار-Timar " لەکەنارە ئاوییەکانی دۆزرایەوە کە (١٠تریلیۆن پێ سێجا)ی هەیە، پاشان ساڵی (٢٠١٠) کێڵگەی "لڤیتان- Leviathan " (١٩تریلیۆن پێ سێجا)ی هەیە (Hindrson,2014,p.1). ئەمە دوای زۆرترین گەڕان و تاقیکردنەوە هات بۆ گازی سروشتی، لەقووڵایی (٢٠٠٠) مەتر لەدەریادا گازی سروشتی یان دەرهێنا.

هەروەها، گازی سروشتی بەتەنها لەکێڵگەی "ئەفرودیت"ی قوبرصی کە لەساڵی (٢٠١١) دۆزراوەتەوە بڕی (٥،٢) تریلیۆن پێ سێجایە. ئەوەش بڕێکی کەمە لەچاو یەدەگی گازی سروشتی جیهانیدا، یەدەگی گازی سروشتی ئێران (١١٨٧) تریلیۆن پێ سێجایە، یەدەگی وڵاتێکی وەك قەتەر (٨٨٥) تریلیۆن پێ سێجایە، یەدەگی گازی سروشتی لەمیسر (٧٢) تریلیۆن پێ شەش جایە.. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا دۆزینەوەی گازی سروشتی لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا "قوبرسی باشورو ئیسرائیل" لێکەوتەیەکی گەورەی ئەبێت لە سەر گەشەپێدانی ئابوریی و بەرز ڕاگرتنی ئاسایشی ووزە لەناوچەکەدا (Al-Jazeera Center for Studies, 2015). بەپێی بەڕێوەبەرایەتی ڕووپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی لە (ئازاری ٢٠١٠) دا سامانی گازی سروشتی لە (حەوزەی ڕۆژهەڵات) دا لەناوچەکانی دەکەونە سەر دەریای سپی ناوەڕاست بۆی هەیە زۆر زیاتر بێت بەبڕی (١٢٢) تریلیۆن پێ سێجا. ئەم ناوچەیەش لە ڕۆژئاوای قوبرسەوە دەست پێدەکات بۆ سوریا و لوبنان و ئیسرائیل و کەنارە ئاوییەکانی کەرتی غەززە ئەگرێتەوە (Hindrson,2014,p.2).



حکومەتی ئیسرائیل لە(حوزەیرانی ۲۰۱۳)دا لەپەیوەند بەسیاسەتی هەناردەکردنی غازی سروشتیەوە، ڕایگەیاند، دەستەیەکی وەزاری یان پێکهێناوە، بەسەرپەرشتی سەرۆکی حکومەت بنیامین ناتانیاهو، وەزیری دارایی "یائیر لبید"و، وەزیری ووزەو ئاو "سیلڤان شالوم"و، دادوەری بانکی ناوەندی ئیسرائیل "ستانلی فیشەر" تیایدا بڕیاریانداوە بە: هەناردەکردنی (٤٠٪)ی بەرهەمی گازی سروشتی.. هەروەها دەستەکە بڕیاریانداوە لەو بڕەی کەبۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی ئیسرائیل تەرخانکراوە کە (٦٠٪) ە، بەشێوەیەکی پلە بەندی گازی سروشتی بفرۆشن بەئەردەن و دەستەلاتی فەلەستینی لەزیفەی غەربی (Munahi,2015).

ئیسرائیل چاوەڕێ ئەکات تا لەساڵی (۲۰۲۵)دا گازی سروشتی بتوانێت (٥٠٪)ی ووزەی کارەبای بۆ دابین بکات.. لەهەمان کاتدا دەستەی کارەبای (قوبرس) یش توانای بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبای (١٤١٠) مێگاوات ی هەیە،کە لەو بڕە (٨٣٠) مێگاواتی لەوێستگەی "ڤاسیلوس- **Vasilos**" وەیە بۆ بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا .(Hindrson,2014,p.4)

بە بەراورد بەپێوەرە جیهانییەکان، توانای هەرناردەکردنی ئیسرائیل زۆر کەمە، بەپێی"لیژنەی ڕووپێوی کردن" لەساڵی (۲۰۱۲) ڕایانگەیاند، یەدەگی گازی ئیسرائیلی (٦٨٠ بلیۆن م٣) یان (٢٤،٣ تریلیۆن پێ سێجا)یە، کە ئەمە کەمتر لە (٠،٤٪)ی یەدەکی جیهانی بۆ گازی سروشتی پێك دێنێت. ئەم ڕێژەیە بەراورد ناکرێت بەیەدەکی گازی ولاتێکی وەك ئێران کە (١٨٪)ی یەدەکی جیهان پێك ئەهێنێت. وە یەدەگی ڕووسیا (١٧،٦٪) و یەدەکی قەتەر (١٣،٤٪)ە..

ئێستا لەکاتێکدا، جیهان تینوی ووزەیە، بەپێچەوانەی عێراقەوە، کەپێشبینی دەکرێت بۆ ساڵی (٢٠٢٠) بڕی (٧،٦) ملیۆن/ بەرمیل نەوت، لەڕۆژێکدا بەرهەم بهێنێت. تورکیاو یۆنان و قوبرس، وڵاتانی دەوروبەریشی، لەگرانیەکی سوتەمەنیدا دەژین، نەوت و گازیان نییە، لیترێك بەنزین لەقوبرس و لەئیستانبول لەنێوان (٣-٤) دۆلاردایە، لەهیچ شوێنێکی عێراق ناچێتە دۆلارێك (Al-Jazeera Center for Studies, 2015). یۆنان زیاتر تینووە بەسەرچاوەکانی ووزە، نزیکەی (٣) ساڵیشە تووشی قەیرانی دارایی بۆتەوە، بەهۆی پێدانی زیادەی قەرزەوە بەهاوڵاتیان.. لەناوەڕاستی ساڵی (٢٠١٤)دا، کاتێك کەجیهان و ناوچەکە سەرقاڵی بەگژاچونەوەی تیرۆر و گەمەیەکی گەورەن، بەیانیەکی زوو، بوو بەهۆسە: گاز دۆزراوەتەوە لەقوبرس و هەلیکۆبتەرێکی یۆنانیش کەوتۆتە خوارەوە!.

لەواقیعدا، نەوت و غاز لەو سنورە ئاوییەی بەشە یۆنانییەکە "قوبرسی باشور"، لەمێژە بونی هەیە، بەپێی یەکێك لەخاڵەکانی (ڕێککەوتننامەی ئاشتی) کە لەنێوان دوو قوبرسی تورکی و یۆنانیدا بە بەشداری یوئێن (UN) واژۆ کراوە، نوسراوە: لەکاتی دۆزینەوەی نەوت و غازو سەرچاوەکانی تری ووزە لەهەر سنورێکی ووشکانی و ئاویی، قوبرسی تورکی مافی ئەوەی هەیە دەخالەت بکات (Alaalem,2015).

### ٤-٣-٢-٢. نەوت و گازی سروشتی لە کوردوستانی عێراق-"باشوری کوردوستان

بەهۆی پێگەو هەڵکەوتەکەیەوە، لەنێوان ئاسیاو ئەوروپا، لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، تورکیا بۆتە کاروان سەراو تەرمینالێکی

جیهانیی، وەك هەر شمەك و کالآیەکی تر ووزە "نەوت و گاز" یش ئەبێت بە تورکیادا تێپەڕبێت. تورکیا وەك دەرگایەکە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردوستان بەرەو جیهان.

هەتا ساڵی (٢٠٠٧) تورکیا ڕێچکەیەکی دوژمنکارانەی بەرانبەر حکومەتی هەرێمی کوردوستانی عێراق، لەبەرگرتبو، بەهۆی بونی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەوناوچەیە. تەنانەت تورکیا فایلی عێراقی لەلای سوپا دانابو، لەساڵی (٢٠٠٧) بەدواوە ڕادەستی وەزارەتی دەرەوەی کرد.

پاشان ئەم پەیوەندییە لەگەڵ هەرێمی کوردوستان - عێراق، گۆڕا بۆ پەیوەندییەکی ئابوریی و سیاسی. تورکیا پیاوانی کار و کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و شمەکی خۆی نارده هەولێر، هەرێمی کوردستانیش لەڕێگەی تورکیاوە نەوت و گازی خۆی بۆ بازاڕەکانی جیهان هەنارده کرد، ئەوەش تورەبونی ئێرانو حکومەتی عێراقیو سوریای لێکەوتەوە (Alaalem,2015). لەساڵی (٢٠٠٧) هەرێمی باشوری کوردستان لەپلەی (١٩) نۆزدەهەمینی ئەو بازاڕانە بو کە لەتورکیاوە کالآو شمەك ئەهێنن، قەبارەی هاوردەکردن لەتورکیاوە بۆ باشوری کوردستان (١،٧) ملیار دۆلار بووە، لەساڵی (٢٠١١)دا هەرێمی کوردستان بووەتە شەشەمین گەورەترین ئەو بازاڕانەی کەشمەکی تورکی تیا ساخ کراوەتەوە، کەقەبارەی هاوردەکردنەکە (٥،١) ملیار دۆلار بووە، ساڵی (٢٠١٣) ئەم هەرێمە ئەبێتە سێهەمین گەورەترین بازاڕ بۆ تورکیا کەقەبارەکەی گەیشتوەتە (٨) هەشت ملیار دۆلار. لەبەرانبەردا هەناردەکردنی لەهەرێمی کوردستانەوە نەوتی لێدەرچێت لەبوارەکانی تردا زۆر کەمە، بەجۆرێك لەساڵی (٢٠٠٧ بۆ ٢٠١٤) لەنێوان (٨٧ بۆ ١٥٣) ملیۆن

دۆلاردا بووە، جگە لەوەش ژمارەی کۆمپانیا تورکیەکان لەهەرێمی کوردستان زۆر زیاتر بووە لەژمارەی کۆمپانیا بیانی و فرە ڕەگەزەکانی تر، لەساڵی(٢٠٠٩)دا (٤٥٠) کۆمپانیای کارکەری تورکی بونی هەبووە، لەساڵی (٢٠١٣)دا ئەم ژمارەیە بووە بە(١٥٠٠) کۆمپانیای تورکی لەهەرێمی کوردستان (Chagaptay&Fedan,2015).

"لێرەدا، ئەگەر تێبینی بکەین، پەیوەندیی هاوردەکردنو هەناردەکردنی تورکیا لەدوای ساڵی (٢٠٠٨) ەوە لەگەڵ هەرێمی باشوری کوردستان، نزیکەی(٤) هێندەی ئەو پەیوەندییە زیاترە کەتورکیا لەگەڵ ئیسرائیل هەیبوە "لەمەسەلەی هاوردەو هەناردەکردنی شمەك"دا.. زۆر زیادەڕۆیی ناکەین، ئەگەر بڵێین ئەوکاتانە تاکە دەروازەیەك بۆ تورکیا کوردستانی باشور بووە، بەتایبەتی لەسەروبەندی بەهاری عەرەبی بەدواوە. هیچ هێزێك لەناوچەکەدا چارەی نەویستووە..".

لە(١٠/٣/٢٠١٤)ەوە. هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بەبیانوی چاکسازیی لەبیرەنەوتەکان و بۆرییەکان لەنێوان (کەرکوك-جەیهان)دا ڕاگیرا.. لەسەرەتای ساڵی (٢٠١٥)دا کەوتەوە ئیش، دواتریش ڕووبەرێکی کەوتە دەست داعش، حکومەتی ناوەندی عێراقیش ناوبەناو کۆمپانیای نەوتی باکور لەکەرکوك هەر بەئەنقەست فەرامۆش ئەکات.. تا لە(ئازاری ٢٠١٥) هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بۆ بەندەری جەیهانی تورکی دەستی پێکردەوە، کەڕۆژانە بڕی(٧٥٠٠٠) هەزار/ بەرمیل لەکەرکوکەوە ڕەوانە ئەکرێت..

لەبەرانبەردا لەناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، بەپێی کۆمپانیای سۆمۆ، تەنها لەمانگی (ئەیلولی ٢٠١٤)دا، هەناردەکردنی نەوتی بەسرە گەیشتۆتە (٧٦،٢) حەفتاو شەش ملێون و دووسەد هەزار

بەرمیل، تێکڕای نرخی بەرمیلێك بەرانبەر دۆلار بە(٩٠،٧٦١) نەوەد دۆلارو حەوت سەدو شەست و یەك سەنت دانراوە، واتە تەنها لەم مانگەدا هەناردەکردنی نەوتی بەسرە لەسەر ئاوەکانی کەنداوی عەرەبییەوە، بۆ بەندەری جەیهانی تورکی و لەوێشەوە لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست، بەبازاڕەکانی جیهان فرۆشراوە، کردویەتی بە(٦،٩١٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیارو نۆ سەدو شانزە ملیۆن دۆلار. بەنزیکەیی بۆ کۆتایی ئەمساڵی (٢٠١٤)یە دەگاتە (٨٢) ملیار دۆلار لەساڵێکدا تەنها لەداهاتی نەوتی بەسرە. بەپێی وەزارەتی نەوتی عێراقیش، بڕی هەناردەکردن لەڕۆژێکدا بۆ (٢،٤٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار بەرمیل بەرز ئەبێتەوە، نرخی هەر بەرمیلێکیش بۆ ساڵی (٢٠١٥) بە(٩٠$) دانراوە، ئەگەر کرێی هۆکارەکانی گواستنەوەو دیکەی لێ دەربهێنی، ئەوا بەرووشکی هەموو ڕۆژێك ئەم عێراقە، کەژمارەی دانیشتوانەکەی لەدەوری تەنها (٣٨) ملیۆن کەسدایە (٢١٦٠٠٠٠٠٠) دوو سەدو شانزە ملیۆن دۆلاری هەبووە (Skynews,2014).

"ئایندەی عێراق لە کوێدایە؟. لەکۆتایی ساڵی (٢٠١٥) دا،عێراق (١) بەرمیل نەوتی داوە بە (٢٩$) کە بەکرێی گواستنەوەو گەیاندنیەوە بە بازاڕەکان، تەنها (٩$) بۆ ماوەتەوە، ترسناکترین قۆناغی ئابورییە عێراق تێی کەوتووە، سەددام حوسەین لە(١) بەرمیل نەوتدا (٦٠$) مۆڵی بۆ ئەمایەوەو، بەمەرجێك هەناردەکی نەوت لە هەشتاکاندا، نیو هێندەی ساڵی (٢٠١٥) نەبووە، شەڕی ئێران عێراقیشی کرد... و... عێراقیەکانیشی ئەژیاند."

یەکێك لەهەرە سیفاتە خراپەکانی نەوت لەهەر وڵاتێکدا، ئەوەیە کەرتەکانی تری تیا فەرامۆش ئەکرێت، لەبری پاڵپشتێکی باش بێت بۆ

بەهێزکردنی ئاسایشی: کشتوکاڵ، پیشەسازیی، سەربازیی، خوێندن و پەروەردە، سیستەمی بانکی و بازاڕ. بەڵکو وایکردووە ئیختراقی ئاسایشی نیشتمانی بکات لەلایەك، لەلایەکی دیش هەموو ئەو کەرتانەی تر فەرامۆشکراوە لەناو خودی لقەکانی " ووزە" دان، وەکو کارەبا... چ جای بۆ عێراقێك کە(٢) ڕووباری گەورە بەپایتەختەکەیدا بڕواتو (٨) دەریاچەی هەبێت .. سریلانکا چەندین ئیتنۆ و ئاینی جوداشی تیایە بەگەلا چای توانیویەتی ژیانێکی دیموکرات و سەقامگیرو ئاسوودە بۆ (٢٤) ملیۆن هاووڵاتیی خۆی دابین بکات (Munahi,2015). عێراقیش خاوەنی ملیۆنێكو دوو سەد هەزار بێوەژنە، ڕۆژانە ئەوەندەی تیا ئەکوژرێت کەس نازانێت، ژمارەی دانیشتوانەکەی چەندە.!.

لەسەدەی نۆزدەدا، شۆڕشی پیشەسازی بەهۆکاری سەرەکی دادەنرێت، لەکارکردنە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتی، پێناسەی شۆڕشی پیشەسازیش بریتییە: لەگۆڕینی بنەڕەتی لەشێوازی بەرهەمهێناندا، بەهۆی داهێنان و دروستکردنی ئامێری میکانیکییەوە، کەکشتوکاڵو پیشەسازی و گەشەپێدانی وزەی بزوێنەرو و زیادبوونی بەرهەمهێنانی گەورە لەکارگەکاندا ئەگرێتەوە، لەباتی بەرهەمهێنانی بچوك لەماڵدا. بۆیە پیشەسازیی بەگشتی، تەوژمی سەرەکی خۆی لەدروستکردنی ئامێری هەڵمی لەساڵی ١٧٧٦ و، ئامێری کارەبا لەساڵی ١٨٣١وە دەستهێناو بەم دوو ئامێرەوە سیستمی کارگەی گەورە دروست بوو. پێویستییان بەووزە حەتمی بو.. ئیمڕۆکە جیهان گەیشتۆتە ئاستی گەڕان لەفەزاداو، سەردەمی جەنگی ئەلیکترۆنی و دروستکردنی پێلاوی قسەکەرو ڕۆبۆتی شەڕکەرو فڕۆکەی فڕۆکە هەڵگرو کارگەو کارخانەی گەورە گەورە ... تاد.. هەموو ئەمانە بەپاڵپشتی سەرچاوەکانی ووزە دەچن بەرێوە، بۆیە جیهان تادێت زیاتر تینوی ووزەیە (Siwaily,2011,p.15).

نەوت و غاز نزیکەی (٦٦٪)ی هەموو ئەو وزەیە پێکدێنن کەئەمڕۆ لەجیهاندا بەکاردێت، یەدەکی نەوت لەڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا نزیکەی (٨٩٪)ی یەدەکی هەموو جیهان پێکدێنێت. گرنگی ئابوریی نەوتیی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خۆی لەزۆری یەدەکەکەی و کەمیی بەکاربردنی ناوخۆدا دەبینێتەوە، لەگەڵ ڕێژەی زۆری بەرهەمهێنان و تێچوونی کەمی بەرهەمهێنانی یەك بەرمیلە نەوت، هەروەها بوونی چەندین کێڵگەی زۆر گەورە.. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کەهەمو جیهان پشت بەنەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەستێت.

بەپێی نەخشەی کێلگە نەوتییەکانی عێراق، زۆربەیان دەکەونە هەرێمی کوردستانەوە، لەهەمان کاتدا(٨٠٪)ی غازی سروشتیی عێراق لەهەرێمی کوردستاندایە (Hindrson,2014,P.15). بەپێی ئامارە ئەوروپییەکانیش ئەو کێڵگانەی نەوتی خاو لەعێراقدا کەئامادەن بۆ بەرهەمهێنان، نیوەیان دەکەونە هەرێمی کوردستانەوە..

لەڕاستیدا بڕی نەوتی خاوو ساڵی کۆتایی هاتنیشی زانراوە، بەپێی ئامارە ئەوروپییەکان دوای (٤٣) ساڵی تر دەبێت (کەزیاتر پشتی بەئاژانسی ووزەی نێودەڵەتی بەستووە لەساڵی (٢٠٠٦) بڕی نەوتی خاوی ئێستاو وادەی کۆتایی هاتنەکەی دیاریکردووە) واتە ئەگەر لەساڵی (٢٠٣٥) دا نەوتی خاو تەواو ببێت، ئەوا دەوڵەتە ئەوروپیەکان تا (١٠) ساڵی تر نەوتیان دەبێت و باکوری ئەمریکاش تا(٩) ساڵێترو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش تا (٨٨) ساڵی تر.. لەکاتێکدا نەوت لەکێڵگە نەوتیەکانی کوردستان تا (١٣٢) ساڵی تر دەمێنێتەوەو بەپێی ئامارەکان (٥٪) ی نەوتی ئامادە بۆ دەرهێنان لەجیهاندا، دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە (بەناوچەی کەرکوکی)شەوەو نەوتی کوردستان یەکێکە لەنەوتە

باشەکانی جیهان بەهۆی کەمیی مادەی گۆگرد(S) تیایدا دەتوانرێت بەئاسانی بگۆڕدرێت بۆ (بەنزین–کیرۆسین)و پێویستی بەهەوڵی زۆر نیە بۆ پالاوتن (Siwaily,2011,P.44).

بۆیە بەگشتی لەم ساڵانەی دواییەوە، گۆڕانکاریی سەرەکی لەنەخشەی ووزەی جیهانیدا ڕوویداوە، کەڕێڕەوی بەکاربردن (اسهتلاك)و خستنەڕووی سەرچاوەکانی ووزەو بەبازاڕیکردنی دەگرێتەوە، گرنگترین ئەو گۆڕانە جەوهەرییانەش، ئەکرێت ئاوها پۆلێن بکەین:

یەکەم: پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا لەخێرا بەرهەمهێنانی نەوتدا، واز هێنان لەئامێرو شێوازە تەقلیدییەکان، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەم ساڵانەی ڕابردوودا چەند تەکنیکێکی نوێی بۆ خێرا دەرهێنانی غازو نەوت لەشوێنە بەردەڵانەکان (سەخەری)ـەکاندا خستە ڕوو (Jonathan,2010,p.10).

دووەم: لەساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠) بەدواوە، عێراقو هەرێمی کوردوستان، دەرگایان بۆ وەبەرهێنانی بیانی خستەسەر پشت، تەنانەت گەورەترین فورسەتی مێژوویی ئەوەبو، کەنیوەی یەدەگی نەوتی عێراق بەبڕی (٧٠) ملیار/بەرمیل.. خستە موزایەداتی ئاشکراوە. کەزیاتر لە(٥٠) گرێبەستیان بەیەکجار هەر لەهەرێمی کوردوستاندا ئیمزا کراوە.

سێهەم: بەردەوامی لەپەرەسەندنی زیاتری کەرتی نەوت و غاز، تا دێت ڕێژەی دەرهێنانەکە خێراترو پتر ئەکات.

لەگەڵ هاتنی لێشاوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بۆ کوردستان و ناوچەکە، مژاری سیاسی و ئابوری و هەواڵگری لەباشوری کوردستان گەرمە. لەناوچەکەدا عێراق و سعودییە و کوەیت بەنەوت و

غازەوە خۆیان مانیفەیست ئەکەن، ئوردن و سوریا کێشەی سەرچاوەی ووزەیان هەیە، تورکیا ئاسایشی ووزەی خۆی لەئاودا ئەبینێتەوە.. ئێران لەگەڵ ئەوەی خاوەنی نەوتە، ترسی لەسەر ئایندەی خۆی هەیە، بەتایبەتی کەمبونەوەی بەنزین لەو وڵاتە.

بودجەی ساڵی (٢٠١٣)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەداعش‌و شەڕو نەفاقاتی پێشمەرگەو ئاوارەش نەبو (١٧) تریلیۆن دینار بو. بۆ ساڵی (٢٠١٤) حکومەتی مەرکەزیی بەغدا (١) فلوسی بۆ هەرێمی کوردستان نەناردو، شەڕێکی قورسیش کەوتە ئەستۆی کوردستان، لەکاتێکدا بەپێی دەستور: عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵەو، ئەبێت مافی هەرێمەکان بدات..

بەپێی پێگەی (فاینشناڵ تایمز) ئیسرائیل تەنها لەمانگی (ئایار بۆ ئابی ٢٠١٥) بڕی (١٩) ملیۆن بەرمیل نەوتی لەکوردوستانەوە هاوردەکردووە، ڕوونی کردۆتەوە کەنەوتی کوردوستان (٧٥٪)ی پێداویستیەکانی ئیسرائیل دابین ئەکات (Financial Times, 8 Aug 2015). ساڵی (٢٠١٤)ش ئاژانسی (ڕۆیتەرز) بڵاوی کردەوە کە"ئیسرائیل یەکەم شاحنەی نەوتی کوردستانی پێگەیشت". هاوکات لەزاری بەرپرسانی ئیسرائیلیەوە نوسیویەتی، کەئیسرائیل بەبایەخەوە تەماشای کوردستان ئەکات، وەکو بەشێك لەپەیوەندییە دیبلۆماسیەکانی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەروەها بۆ دروستکردنی هەلێك لەبارەی هاوردەکردنی ووزەوە. هەروەها لەهاوینی ساڵی (٢٠١٤)شدا، سەرۆکی حکومەتی ئیسرائیل "بنیامین ناتانیاهو" بەفەرمی پشتگیری دروستبونی دەوڵەتی کوردستانی کرد، لەو بەشەی عێراق کەحوکمی خۆ بەڕێوەبەرێتیان هەیە.

"پێدەچێت، ئەم پەیوەندییەی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەگەڵ ئیسرائیل دروستی کردووەو، نەوتی بەپارەیەکی هەرزان ئەداتێ، لەپێناو هاوکاریکردنی هەواڵگریی و سەربازیی ئیسرائیلدا بێت بۆ کوردستان، کە تاکە هێزن بەرەنگاری گروپی تیرۆریستی داعش بونەتەوە لەعێراق و سوریا. لەلایەکی تریشەوە گومانی تیا نییە هەر پەیوەندییەکی ئیسرائیل لەگەڵ تورکیا، هەبووە، یان دروست بێتەوە، یەکێك لەئاماژە نێگەتیڤەکانی ئەوەیە لەسەر حیسابی لێدانە لەکوردی تورکیاو پەکەکە.. بەمانایەکی تر ناوەندە جیهانییەکانی خۆرئاوا، وە تورکیاو ئیسرائیل لەهەر قۆناغێکدا پاڵپشتی باشوری کوردستانیان کردووە، بەپێچەوانەوە باکوری کوردستانیان پەکخستووە."

## ٤-٤. گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە لەساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٥)

### ٤-٤-١. قەیرانی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ISIS

#### ٤-٤-١-١. دروستکردنی بەرەی نوسرە – جەبهەتولنوسرە

دەرکەوتنەوەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، دەرهاویشتەی شۆڕشو جەنگی سوریایە دژی بەشار ئەسەد، وە گۆڕانکارییە سیاسیی و نێوچەییەکانە لەعێراق و دەوروبەری.

دەرکەوتنی بەرەی نوسرە:

یەکێك لەدەرهاویشتەکانی بەهاری عەرەبو هەڵگیرسانی شۆڕش دژی ئەسەد لەسوریا، سەرهەڵدانی (بەرەی نوسرە-جبهە النصرە)یە، بۆ خەڵکی شام (سوریا)، نوسرە ڕێکخراوێکە بایەخ ئەدات بەهزرێکی

سەلەفی جیهادی، بەپێی ڕاپۆرتەکانی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا لەسەر ئەم بەرە نوێیە هاتووە کە: پەیوەندییان بەڕێکخراویی قاعیدەوە هەیە لەعێراق (Gulmohamad,2014,p.3).

لەیەکەم بەیاننامەیاندا لە(کانونی دووەمی ٢٠١٢) بانگەشەی جیهادو هەڵگرتنی چەك دەکەن دژی سیستەمەکەی (بەشار ئەسەد).. ئەمانە ڕەگەزو رەچەڵەکیان، بەگشتی بریتییە لە:"سوری، عێراقی، چاچانی، ئەفغانی، ئۆزبەکستانی، تورکی، کەمێکیش ئەوروپی". سەرەتای ساڵی (٢٠١٤) حکومەتی بەریتانیا ڕای گەیاند: هەرکەسێك پەیوەندیی بەداعش و بەرەی نوسرەوە بکات گەڕانەوەی نییە بۆ وولأت.. ئەم بڕیارە ئەوە دەرئەخات کە ئەوروپاش هەستی بەلێکەوتەکانی ئەم مەترسییە هەنوکەییە کردووە.

بەرەی نوسرە، پەیام و بەیاننامەکانی خۆیان بەشێوەیەکی نادیار لەڕێگەی دامەزاوەی بەیزا بۆ بەرهەمهێنانی میدیایی، گرتە ڤیدیۆیی و چالاکی و تەقینەوەکانیش لەڕێگەی تۆڕە کۆمەلأیەتیەکانی" فەیسبوك و یوتیوب" بلأو ئەکەنەوە. کەناودارترینیان ڕاگەیاندنی (کتائب احرار الشام). سەربە"بەرەی نوسرە"یە.

دیارترین چالاکی گورز وەشاندنیان لەسوریا، تەقاندنەوەی بینای سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای سوریا بوو لەدیمەشقی پایتەخت لەساڵی (٢٠١٣)دا، تەقاندنەوەی بینای هەواڵگریی ئاسمانی سوریا لە(حرستا). هەروەها یەکگرتنیان لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی سوپای ئازاد بۆ کارو چالاکی هاوبەش. وەکو شەڕەکانی حەلەب (Gulmohamad,2014,p.4).

**٣-٤-١-٢. دروستبونی داعش**

ڕاپۆرتەکان باس لەوە ئەکەن ساڵی (٢٠٠٢) سوونەکانی عێراق کەوتونەتە خۆ تا فریای ئایندەی خۆیان بکەون،سەددام ڕووخا،ئێران و شیعەگەرێتی ناوچەکەکە دائەپۆشن، سوریا و ئیسرائیل لەگەڵ سوونەکانی عێراق نین،ئەبێت شتێك بکەن !ساڵی (٢٠٠٥) ئیدارەی ئەمریکا لەعێراق بڕیاری دروستکردنی هەرێمێکی سوونەی لە عێراقدا خستە بەردەمیان، سونەکان خۆپیشاندانیان کرد و، قبوڵیان نەبوو، لەکاتێکدا (١٤٠٠) ساڵە لەعێراقدا کەمینەیەکی سوونە حوکمی زۆرینەیەکی شیعە ئەکەن،حوکمی ئاگرو ئاسن بەرانبەر شیعەکان بەکارئەهێنن، چ گرەنتیەك هەیە ئێستا سەدام ڕووخاوەو شیعەکان هەمان مێژوو بەسەر سوونەکاندا دووبارە نەکەنەوە ؟!( ArabLeague report of the Expert,2015,P.2). بە بەرنامە لەماوەی دوای ساڵی (٢٠٠٣ - ٢٠١٤) کاریان لەسەر سڕینەوەی سوونە لەعێراقدا کرد، دەستدرێژییان بۆسەر ژن و ماڵ و مناڵیان دەست پێکرد، لەسەردەمی "نوری مالکی"دا زیندانی نهێنی بۆ سوونەکان کرابۆیەوە، گەڕەکی "بەییاع" لە بەغدا (٧٠٪)ی عەرەبی سوونە بو، لە(٢٠١٤)دا بووە بە(١٥٪)..!. ئەبو سوونەکان لەبەرانبەر ئەمماڵوێرانی و دەربەدەرییە، بۆ بەرگریکردن لەناسنامەی خۆیان شتێك هەر بکەن. بۆ ئەم مەبەستە بەهەماهەنگی و بەشداری کۆنە بەعسیەکان، بە بەکارهێنانی دەق و فەرمایشت و ئایەتی قورئانی، بەسوود وەرگرتن لەچەند وڵاتێکی ناوچەیی، "دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام-داعش" یان دروستکرد (Bedawed,17\12\2014).

داعش: کورتکراوەی دەوڵەتی ئیسلامییە لەعێراق و شام (دولة اسلامية في العراق والشام). ئەکرێت سەرەتاکەی بگەڕێنینەوە بۆ

ڕێکخستنەکانی ئەلقاعیدە (AQI) کەلەلایەن ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوییەوە ساڵی (٢٠٠٦) دامەزراوە، کاتێك زەرقاوی لەلایەن ئاژانسەکانی هەواڵگریی ئەمریکاو عێراقەوە ئەکوژرێت، ئەبو ئەیوبی میسری وەك سەرکردەیەکی تازە دەرئەکەوێت و پێشنیاری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق (ISI) ئەکات .(Gulmohamad,2014,P.1).

ئەبوبەکری بەغدادی، وەك ئەمیرێکی تازەی بەڕەگەز عێراقی، دوای کوژرانی سەرکردەی پێشوو، لەتۆمارێکی دەنگیدا لە(٨/٤/٢٠١٣) ناونیشانە بازرگانیەکە ئەگۆڕێت بۆ "دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام". ئەمە جەبهەت ئەلنوسرەش ئەگرێتەوە، بەم شێوەیە زۆربەی سەرکردە دیارەکان بەیعەت بە"ئەبوبەکری بەغدادی" ئەدەن.. لەکاتێکدا جەبهەتولنوسرە بەشێکە لەئەلقاعیدەو فەرمان و ڕاسپاردە لە"ئەیمەن ئەلزەواهیری"یەوە وەرئەگرێت، لەماوەیەکی کورتدا داعش هێرشێکی توندییان کردە، سەر زیندانی ئەبوغرێب و زیاتر لە(١٠٠)کەسیان کوشت و، زیندانیەکانیشیان ئازادکرد. لە (٣١/١٢/٢٠١٣)شدا، (٧) چەکداری "داعش" هێرشیان کردە سەر بارەگای هەواڵگریی عێراق لەشاری کەرکوك و، دەستیان گرت بەسەر بارەگاکەداو، ماوەی (٢٤) کاتژمێر هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی شارەکەیان بەخۆیانەوە سەرقاڵکرد .(Awsat,2015)

لەکۆتا ڕۆژەکانی (٢٠١٣) و سەرەتای سەری ساڵی (٢٠١٤)شدا، هاتنی خۆیان بە فەرمی بۆ عێراق ڕاگەیاند، کە لەپارێزگای "ئەنبار"دا خۆیان بینییەوە. شەڕێکی زۆریش لەقەزای فەللوجە "کەسەر بەپارێزگای ئەنبارە" ڕوویداو، داعش توانی دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت. ئەوەی جێی تێبینی زیاتر بوو، بەدەیان ئۆتۆمبیلەوە بەئاشکرا دایان بەسەر

**شارەکەداو گرتیان!. مرۆڤ هەستی ئەکرد لەعێراق و ئەم ناوچانە بەتایبەتی چەندین کارگە هەن، هەمیشە ڕۆحیەتی بەرهەمهێنانی تیرۆریستیان هەیە.**

**ئەنبار: یەکێکە لەگەورەترین پارێزگاکانی عێراق، ئەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای ولاتەوە، ڕووبەرەکەی(١٣٨،٥٠٠کم) چوارگۆشەیە. بەپێی ئاماری (٢٠١٣) ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە (١،٩٠٠٠٠٠٠) ملیۆنێك و نۆسەد هەزار کەس (Bedawed, U, 2014). ئەم شارە لەمێژوودا بە(لیوای دلیم) ناسراوە و پارێزگایەکی سوونەییە. گرنگترین شارو قەزاکانی سەر بەم پارێزگایە: "ڕوومادی: کەمەرکەزی پارێزگاکەیە "دواتریش:**

**فەللوجە.. هیت.. قائم.. حەدیسە.. عوکاشات.. حەببانییە.. سەرسار.. نوعەیمە.. خالدییە.. عەباسییەو چەندین شوێنی دیکە.**

**عێراق و سوریا، دوو ولاتی دراوسێن و نزیکەی (٦٠٠کم) سنوری هاوبەشیان هەیە. پێدەچێت داعش سەرەتای ڕزگارکردنی دووبەرەی گەورەی لەعێراق و سوریا بۆ ژێر دەستی خۆی، کردبێتە ئەجێندەیەکی پیرۆز، دەست بەسەراگرتنی فەللوجەو پارێزگای ئەنبار بەگشتی، هەر لەو هێرشەدا کوشتنی دەیان جەنەراڵی سوپای عێراقی لەلایەن داعشەوە، کە: دیارترینیان "قائیدی فیرقەی٧" (عەمید محەمەد الکروی و جیگرەکەیەتی). هەروەها بەپێی ووتەی وەزارەتی بەرگری عێراق کوژرانی (٥٥) کەس لەچەکدارەکانی داعش بەهاوکاری چەکداری هۆزەکانی ئەنبار (Awsat,2015)، هاتنە سەرهێڵی گەرمی ئەمریکا بۆ پشتیوانی شەڕ دژی تیرۆر، کتومت تواناو ئیرادەی هێرشکردن و ڕایەڵەکانی ئەوان لەعێراق ئەسەلمێنێ بەهاوبەشی لەگەڵ قاعیدە.. جگە لەوەی داعش دژی**

دەستەڵاتی شیعە ئەجەنگێت، ئامانج و خواستەکانی داعش لەگەڵ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، لێکچونی هەیە، کە ئەم دوانەن:

یەکەم: کۆتایی هاتن بەنفوس و دەستی خۆرئاوا لەوڵاتانی ئیسلامیو عەرەبیدا.

دووەم: هەوڵدان بۆ دامەزراندنی خەلافەتێکی نوێی ئیسلامی.

بەشێوەیەکی گشتی، هۆکاری دەرکەوتن و خاڵی بەهێزی "داعش" لە(٣)خاڵدا خۆی مانیفەیست ئەکات:

یەکەم: پیشتگیریی و ئاڕاستەکردنیان لەلایەن ولأتانی ئیقلیمییەوە.

دووەم: ژینگەو زەمینەی عێراق هەرخۆی لەبارە بۆئەوەی ئەم هێزە توندڕەوە تیایدا گەشەبکات و، باڵی بەسەردا بکێشێت.

سێهەم: تەکتیك و مەشق و شێوازی پەلاماردان و جۆری چەکەکانیانو ئەندامەکانیان، هەروەها لینکەکانی پەیوەندییان جیاوازترو بەهێزتر بو، لەهەموو گروپەکانی تر. ڕەفتارەکانیان بەتوندترین و قێزەونترین شێوە دژی مرۆڤ لەقەڵەم ئەدرێت لەمێژووی نوێی جیهاندا( Arab League report of the Expert,2015,P.4).

لە(٨/٦/٢٠١٤) داعش بەئاسانی دەستی گرت بەسەر پارێزگای موسڵدا، کەدووەم گەورەترین پارێزگای عێراق و،گرنگترین و ستراتیژیترین شارە لەناوچەکەدا، دەوڵەمەندترین شاریشە لەڕووی نەوت و ووزەی سروشتیەوە، ئەوتریت ڕێککەوتنی "سایکس پیکۆ" هۆکارەکەی گرنگی پارێزگای موسڵ بووە، کەئەوسا یەکێك بووە لەویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی.. ئەو ڕۆژەی داعش هێرشی کرد، فەرماندەکانی سوپای عێراق بەشلەژاوی ڕایانکرد بۆ پارێزگای هەولێرو خۆیاندایە پاڵ سەرکردە کوردییەکان. پەنجەی تۆمەت بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردوستان"بارزانی" ڕاکێشرا کەحزبەکەی ئەو دەستی لەڕووخانی پارێزگای موسڵدا هەبووەو،

داڵدەی کۆنە بەعسیەکانی داوە (Gulmohamad,2014,p.5) داعش هەزاران خوێندکاری لەپارێزگای موسڵ قۆڵبەست کردو گوللە بارانی کردن، قەسابخانەیەکی ئەوتۆ کەهەموو جیهان ماقی پەڕی بو.. لەکاتێکدا فەرمانبەرەکانی ناو قونسوڵخانەی تورکیا لەموسڵ لەلایەن داعشەوە ئازادکران، شۆفێری تانکەرە تورکیەکان کە گیرابون ئازادکران.!.

بەهەمان شێوە داعش دەستی گرت بەسەر پارێزگای(تکریت)داو، زیاتر لە(٦٠٠) سەربازیی بەدیل گرتو، لەیەك شوێندا کۆی کردنەوەو گوللە بارانی کردن، ڤیدیۆکەشی بلاّوکردنەوە، تا جیهان ئەم قەسابخانەیە ببینن و، ببن بەبابەتێکی گەورە.. بەدەیان سەربازیی عێراقی و کوردیی بەدیلگیراوی سەربڕیو، بەهەمان شێوە گرتەکانی بلاّو دەکردەوە (Awsat,2015) بەپێی سەرچاوەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ژمارەی ئەوانەی بەدەستی داعش کوژراون تا کۆتایی (٢٠١٥) لەنێوان (١٠٠٠٠٠-١١٠٠٠٠٠) هەزار مرۆڤدایە ( Arab League report of theExpert,2015,P.6).

ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری بەپەلەی بۆ بەگژاچونەوەی تیرۆر لەعێراقو سوریا دەرکرد، جیهان بەگرنگیەوە لەشاری "کۆبانێ" باکوری سوریای دەڕوانی،، کە لەچوارلاوە داعش ئابلّوقەی دابون، هێشتا کوڕو کچە گەریلاکانی کورد لەو شارە بەرخودانیان دەکردو، دژی دڕەندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی ئەجەنگان، فڕۆکەی هاوپەیمانان بۆردومانی داعشی کرد، ناوەندە نێودەوڵەتییەکان هێرشێکی زۆریان کردە سەر سەرۆك وەزیرانی تورکیا "ئەردۆگان" کەیارمەتی داعشی داوە، تا کۆبانێ بگرنو، دژی کوردەکان بوەستنەوە، نەك لەئایندەدا کیانو قەوارەیەك بۆ خۆیان لەسوریا دروست بکەنو، ببنە دراوسێی تورکیا.. تەلەفزیۆنی فەرمی ئەڵمانی(ARD) لەڕاپۆرتێکدا بلاّویکردەوە، کە"حکومەتی

توركيا گەورەترین بازاڕە بۆ داعش، سەربازگەیەکی لەباشوری توركیاو لەشاری غازی عەنتاب بۆ مەشق و ڕاهێنان بەچەكدارەكان كردۆتەوەو، ڕەوانەی عێراق‌و سوریایان ئەكات.. هەروەها ڕاپۆرتەكە ئاماژە بەوە ئەكات: توركیا بووەتە تەرمینالێك بۆ ڕەوانەكردنی خەڵك لەولاَتانی جیهانەوە بۆ ناو داعش... لەمیانەی پرێس كۆنفرانسێكدا سكرتێری پارتی گەلی كۆماری "كەمالَ كلَچدار ئۆغلۆ" بەرۆژنامەنوسەكەی وت " چۆن ئەزانیت، من ناوم كەماڵە، ئاوها بزانە كەدەزگای میتی توركیا بەشداره لەدروستكردنی داعشدا". هەر چەندە چەندین بەڵگەی ڤیدیۆیی هەماهەنگی نێوان توركیاو چەكدارانی داعش ئەخاتە ڕوو، بەلاَم حكومەتی دادوگەشەپێدان ئەمانە هەموو ڕەت ئەكاتەوە.

لێرەوە دەرئەكەوێت، ئەم گەمەیە لە(٤) ئەڵقە پێكهاتووە، لەهەموو ئەڵقەكاندا ئیسرائیل قازانج كەرێكی بێدەنگەو بونێكی ئاشكرای ئەوتۆی نییە، توركیاش لەدۆخێكی ناهەموارو "محرج"دایە. بەئەگەری زۆر ناوچەكە ئەخاتەوەو بەگۆڕانكارییەكی گەورەو، توركیاو ئیسرائیلیش لەم گۆڕانكارییانە پێویستیان بەیەكتر دەبێ.

ئەڵقەی یەكەم، شەڕی سوریاو ئەسەد بوو لەگەلَ ئۆپۆزسیۆنی سوری، ئەڵقەی دووەم، هاتنی داعش بو بۆ سوریاو عێراق و، بەرگریكردنێكی بێوێنەی هێزە كوردییەكان بو لەڕۆژئاوای كوردوستان و ناوچەی كۆبانێ، لەگەلَ هێزی پێشمەرگە لەكوردوستانی عێراق.

ئەڵقەی سێهەم، ستراتیژیی تازەی ڕووسیایە لەسوریاو، كردنەوەی بەرەیەكە بۆ لێدان لەداعش، سەرۆكی ڕووسیا پۆتین گوتی "ئەمریكا ئاو لەمەریخ ئەبینێت، بەلاَم بنكەكانی داعش لەزەویدا نابینێت".. هەموو ئەو جەنگانەی لەمێژووی شارستانیەتدا ڕوویانداوە، بەململانێكانی

ئێستاشەوە، بەردەوام ڕەهەندێکی فراوانخوازیی ئابوریی لەگەڵبووە، بەڵام کاتێك لەکرۆکی ڕووداوەکان ئەکۆڵیتەوە، پێشینەیەکی مێژوویی قووڵیان هەیە. شەڕێکە لەپێناو سڕینەوە یان سەرخستنی ناسنامەو شارستانیەتی یەکتر زلهێزەکان بەڕێوەی ئەبەن. زیندوترین نمونەش "هێڵی نابۆکۆیە".

هێڵی نابۆکۆ (Nabucco Pipeline)، پرۆژەی گواستنەوەی گازی سروشتیە لەناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ ناوەڕاستی ئەوروپا، بۆ ئەوەی بیرۆکەی پرۆژەکەش سەربگرێت لە(تەموزی ٢٠٠٩) لەئەنقەرەی پایتەختی تورکیا ڕێککەوتنێك لەنێوان تورکیاو ئازەربایجان لەگەڵ (٤) دەوڵەتی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا کەبولگاریاو ڕۆمانیاو مەجەرو نەمسان، ئیمزا کرا.. ڕێککەوتنەکە بە بەشداری ئەڵمانیاو، ڕاوێژکاری تایبەتی "ئۆباما" بۆ کاروباری ووزە لەناوچەی ئۆراسیا بو.. تاوەکو لەدەریای قەزوینەوە بۆڕی غاز بێتە ئازەربایجانو پاشان بەتەنیشت دەریای ڕەش لەشاری (ئەرزەڕۆم)ی تورکیاوە بچێتە بولگاریاو لەوێشەوە بۆڕییەکە گەیەنرایە نەمسا (Jonathan,2010,p.2).

کورد وتویەتی "شەڕ بەکۆنەقین ئەکرێت".. ئەمە مەزنترین پرۆژەی ئابوریی سەدەی بیستویەکە، کەتیچووەکەی (١٠،٩) ملیار دۆلارەو، درێژییەکەی (٣٣٠٠)کلم ەو، ساڵانە توانای دابینکردنی (٣١) ملیار مەتر شەش جا غازی بۆ یەکێتی ئەوروپا هەیە. لەکاتێکدا ڕووسیا خاوەنی گەورەترین یەدەگی غازی سروشتی جیهانە، کەبڕی یەدەگی (٢٤٪)ی غازی جیهانە، بەبن لووتی "ڕووسیا"دا بۆڕیی بۆ ئەوروپا ڕائەکێشن، بێ ئەوەی بەشداریی پێ بکەن، لەگەورەترین پرۆژەی گازی جیهان دای ئەڕنن.

جگە لەوەش، ناوی پرۆژەی نابۆکۆ لەناوی نابوکو دور "نەبوخەزنەسر"ی ئیمپراتۆری کلدانیەکانەوە هاتووە کە لە(٦٠٥-

٥٦٣پ.م) فەرمانڕەوایەتی "بابل"ی کردووە، سوپای میسری تێك شکاندووەو، ئینجا دووجار قودس (ئۆرشەلیم)ی وێرانکردووەو، هەوڵی سڕینەوەی بەرەبابی "داود"ی داوە کە یەهوودەکانن. ئینجا بۆ ئەوەی ئەم ڕیشە مێژووییە بدۆزنەوە لەناوی مۆسیقاکاری کلاسیکی ئیتاڵی "ئۆپرا نابوکۆ" ناونیشانی پرۆژەکەیان داڕشتووە، کەناوبراو لەسەدەی نۆزدەدا ئولفەتی بەپەروەردەی دینی و سەردەمی "نەبوخەزنەسر"ەوە گرتبو، چی بەخاکی یەهودەکان کردووە (Xazir,2015).

بڕوانە: هەموو ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لەمێژوودا هەیە، یاریزانەکانیش نەگۆڕاون، بەڵام گەمەی جیۆ-سیاسیی گۆڕاوە بۆ شەڕی غازو پەیداکردنی بازاڕ، تا ئەوەی "غاز" جێگەی "نەوت"یش بگرێتەوە لەسەرچاوەکانی (جووڵە)دا، چونکە تێچوو نرخەکەشی گونجاوترەو، بۆ ژینگەش زیانی کەمترە. مشتومڕێکی زۆرکرا تا (نابۆکۆ) بەردەوام بێت، بەڵام هێڵی نابۆکۆ لە(٢٠١٤)دا ڕاگیرا، لەبەر زۆر هۆکار، لەوانە: ئێران لەبلۆك بەندی جیهانیدا لەسەر ڕووسیا ساغ بۆتەوە، کەپەیوەندی جیۆ-ستراتیجی بەپرۆژەکەوە هەیە، هەم لەبەرئەوەی دووەم یەدەگی گازی جیهانە (١٨٪)ی یەدەگی گازی سروشتی جیهانی هەیە، هەم لەڕووی جوگرافیەوە لەحەوزەی قەزویندایە (Aid,2015). هەروەها کەنارەکانی "تورکمانستان" کەسەرچاوەی دەستپێکی بۆڕییەکەیە، ڕووسیا هەیمەنەی هەیە بەسەریدا، ئینجا"ئازەربایجان‌و ڕووسیا" ڕێککەوتن کە هاوپەیمانی ستراتیژییان هەیە. بەمەش بۆڕیی نابۆکۆ بەیەکجاریی پەکی ئەکەوێت. سەرباری هەموو ئەمانەش بەهۆی شەڕی ڕووسیاو ئۆکراین، ڕووسیا ڕێگرە لەوەی غازی سروشتی لەئۆکرانیاوە بگاتە ئەوروپا.

تا ئەم چرکەساتە، بەپێی ئاژانسی ووزەی نێو- دەوڵەتی (٨٠٪)ی (ووزە) لەجیهاندا پشت بە"نەوت و غاز" ئەبەستێت، لەئۆتۆمبیل و

فرۆكەو كارگەو ماتۆڕو كەشتیو خەزینەكانو... تادوایی. ساڵی (٢٠١٢) جیهان بڕی (٢٤٠) ملیۆن تەن غازی شلی سەرفكردووە، پێشبینی ئەكرێت بڕی بەكاربردن لەساڵی (٢٠٣٠)دا بەرزبێتەوە بۆ (٥٥٠) ملیۆن تەن، بۆنەوتیش بەهەمان شێوەیە، واتە جیهان لەماوەی (١٥) ساڵی ئایندەدا پێویستییەكەی بەنەوتو غاز (٢) كەڕەت زیاد ئەكات.. بەجۆرێكی تر "غاز"یانی سیاسەتو بەرژەوەندیی سیاسی، "پێم بڵێ بۆڕییەكە لەكوێوە ئەڕوات، پێت ئەڵێم چارەنووسی تۆ لەكوێدایە".." نەوت"یش یانی دۆلار- $ یش یانی ئابوریی، ئابورییش یانی ئەو سیستمە جیهانیەی ئەمریكا خاوەندارێتی لێ ئەكات، لەڕێگەی چەندین چەتەوە پارە بەرەو خۆی كەمەندكێش ئەكات و، ولاٌتانی كەسەر بەنفوسی ئیشتراكیەت و سۆڤیەتن تووشی قەرزو ئیفلیجی ئەكات.

كەواتە بۆڕیی نابۆكۆ ئەبێت هێڵەكەی بگوێزرێتەوە، باشترین بژاردەش بەڕێگەی خۆرهەلاٌتی ناوەڕاستەوەیە، كەبەهۆی ئەم"غاز"ەوە نەخشەكە پێویستی بەدابەشكردنی عێراق و سوریایە، لەهەموو حاڵەتەكانیشدا "توركیا" بەهۆی پێگەكەیەوە سەرە ڕێیەو تەرمیناڵێكی جیهانیە، هاوكات ساڵی (٢٠١٦)ش (١٠٠) ساڵ بەسەر مێژووی ئەو دابەشبونەدا تێ ئەپەڕێت كەزلهێزەكان لەساڵی (١٩١٦) لەڕێككەوتننامەی (سایكس –پیكۆ)دا دەستكاریی نەخشەی سوریاو عێراقیان كرد (لای خوارەوە ڕونتری ئەكەینەوە).

وەك پێگەو هەڵكەوتە،"ئۆراسیا دڵی جیهانە، هەر هێزێك دەستی بەسەرابگرێت، دەستی بەسەر جیهاندا گرتووە" ئەمە ئەو ڕێسایەیە كەزانایانی بواری جیۆپۆڵەتیك لەسەری كۆكن، بەتایبەتی یەكەمجار زانای ئەمریكی لەبواری پەیوەندییە-نێودەوڵەتیەكان "نیكۆلاس سپایكمان" بیرۆكەی ئۆراسیای داناوە، كەمەبەستی ناوچەكانی نێوان ئاسیاو

ئەوروپایە لەگەڵ ولاّتانی بولقان، هەندێکیش بەگشتی لایانوایە، ئۆراسیا: چین و یابان و کۆریا(باشورو باکور)و هندو پاکستانو ئەفغانستانو عێراقو دەوڵەتانی ئەسکەندەنافیا ئەگرێتەوە (Jonathan,2010,p. 4) . هەرچۆنێکی بێت ڕووسیا دڵی ئۆراسیایە. هەموو ئەو ناوچانەشی لەئۆراسیادان یان لەگەڵ بلۆکی ڕووسیدان، یان ڕووسیا سێبەرو کاریگەری لەسەر داناون.

لەگەڵ توندبونەوەی کێبڕکێ جیهانییەکان، بلۆکی ڕووسی بەچڕی لەدوای بەهاری عەرەبییەوە، دەستی کرد بەپەیداکردنی نفوز لەڕۆژهەلاّتی ناوەڕەستدا. ستراتیجی تازەی ڕووسیا لەلایەن سەرۆکی پێشوتر"دیمتری میدڤیدڤ"ـەوە داڕێژراوە، بەلاّم جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە لەسەردەمی "فلادمیر پوتین - Vladimir Putin " لە(٢٠١٥)دا لەبەرگرییەوە گۆڕاوە بۆ هێرشکردن، ساڵی (٢٠١٠) رووسیا لەسۆنگەی ستراتیژە نوێیەکەیانەوە، گوتیان" پەیمانی باکوری ئەتڵەسی نمایندەی هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ ئەکات دژی ڕووسیا، بەبلاّوکردنەوەی درعی ساروخی ئەمریکی، ئەمەش ڕاڕایی لەئاسایشی ڕووسیدا دروستکردووە" (Aid,2015). یانی بەکورتی وەك لەکۆنگرەی میونخ (٦-٨/٢/٢٠١٥) پۆلێن بەندی ئاریشە قووڵەکانی ئاسایشی جیهانی کرا، بەیەکدا کێشانی ڕووسیاو ناتۆ لەئۆکرانیا بەیەکەم هەڕەشە دانرا لەسەر ئاسایشی جیهانی. لەمەش کورت تر بەهاری عەرەبی لەسوریادا وەستادا، پاشان پریشکی ئاگرەکە پەڕییەوە بۆ ئۆکرانیاو سنوری ڕووسیا!. ئێستا جارێکی تر مەیدانی دەست شکانەوەی ئەمریکاو ئەوروپا (بەتایبەت ئەڵمانیا) لەگەڵ ڕووسیا گواستراوەتەوە بۆ سوریاو خۆرهەلاّتی ناوین.

لەماوەی جەنگی ساردا، تورکیا بەگرنگی پێگەکەیەوە خۆی لەسەر بلۆکی خۆرئاوا ساغ کردبوەوە، ئێستاش خۆی یەکلا کردۆتەوە (چونکە

ئەندامێکی سەرەکیی ناتۆیە). ساڵی (٢٠١٣) ڕۆکێتی پاتریۆتیان دا بەتورکیا تا لەسەر سنوری (تورکیا-سوریا) جێگیری کرد. بۆیە بۆ ڕووسیا گرنگ بوو خۆرهەلاتی لەدەست نەچێت، هیچ بژاردەیەکیش لەسوریا گرنگ ترو شیاو تر نییە بۆ ڕووسیا لەناوچەکەدا، لەڕووی مێژووییەوە پێشینەیان هەیە (ساڵی ١٩٤٤ ڕووسیا یەکەم ولاٌت بو دانی بەسەربەخۆیی سوریادا نا). ساڵی (١٩٧٠) قووڵترین پەیوەندییان لەگەڵ هاتنی"حافز ئەسەد" بۆ حوکم دەستی پێکرد (Xazir,2015) ئەها ئەمریکا هەمیشە سوورە لەسەر هاوپەیمانێتی و نزیك کردنەوەی "تورکیاو ئیسرائیل" تاوەکو ئیحتیوای سوریاو عێراق بکەن، پێکەوە زانیاری لەسەر ئێران کۆ بکەنەوە.. لەڕووی ئابورییەوە سوریا زۆرترین چەك لەبازاڕی ڕووسیا ئەکرێت، لەڕووی جیۆ-ستراتیجیەوە ڕووسیا بەچوونی بۆ سوریا ئیتر ئەکەوێتە ئەودیوی تورکیاو، ئەکەوێتە خۆرئاوای دەریای سپی ناوەڕاست.

## ٤-٤-٢. جێگیربونی ڕووسیا لەدەریای سپی ناوەڕاست

هەڵوێستی ڕوسیا لەسەدەی بیستەوە هەمیشە نزیك و پاڵپشتی بووە لەهەڵوێستی سیستمە عەرەبیەکان، دوای (٤) ساڵ هاوکاری سەربازیی و سیاسیی و ئابوریی مۆسکۆ تا ڕێگری بکات لەڕووخانی سیستمەکەی بەشار ئەسەد، ڕۆژی (١٣/٩/٢٠١٥ ) وەزیری دەرەوەی ڕووسیا وتی "ولاٌتەکەی خەزێنەو پێداویستیە سەربازییەکانی گەیاندۆتە سوریا" کە (٥٠) فڕۆکەیە بۆ لێدانی داعش.. لە(٢١/٩/٢٠١٥)یش بەفەرمی چوونە ناوەوەی مارێنزی ڕووسی بۆ خاکی سوریا ڕاگەیاند، ڕووداوەکە تا ئاستێکی زۆر کتوپڕو لەناکاو بوو، بەلاٌم زەمینە سازیشی بۆ کرابو، هەرچی پەیوەندە بەدروستکردنی هاوپەیمانێتی دژی داعش و لێدانیان

لەعێراق‌و سوریا، پێش ئەوەی سەربازیی ڕووسی بچێتە خاکی سوریا، ژوورێکی هەواڵگریی هاوبەشیان لەبەغداد کردەوە، بە بەشداریی: عێراق‌و ئێران‌و سوریا بەسەرپەرشتی ڕووسیا. بڕیارە هەریەکە لەفەرەنساو تورکیاو ئەردەن و میسریش لەگەڵ ژوورە هاوبەشەکەی ڕووسیادا دژی داعش بجەنگن (Xazir,2015) ئینجا ڕۆژێك پێش هاتنی سوپای ڕووسیا، "ناتانیاهۆ"و سەرۆك ئەرکانی سوپای ئیسرائیل‌و بەرپرسی بەشی هەواڵگریی سوپا سەردانی ڕووسیایان کرد "نازانرێت ئەم سەردانە بانگهێشتی ڕوسیا بوە یان لەسەر داوای ناتانیاهو بووە" بەگشتی ڕوسیاو ئیسرائیل هەماهەنگی پێشوەختیان کرد نەك بەیەکدا کێشان لەسنوری ئیسرائیل ڕووبدات.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ڕووسیا لەسوریا ڕەگ دائەکوتێت، گەورەترین بنکەی سەربازیی لەمینای "تەرتوس"و بنکەی ئاسمانیش لە"لازقیە" دائەنات. ئەمەش تاکە بنکەی سەربازیی ڕووسیایە لەدەریای ناوەڕاست، خۆ ئەگەر ڕووسیا پاشەکشە بکات لەسوریا، ئەبێتە هۆی تورەبونی هاوپەیمانەکانی و ئەوانەی دەستیان بەپەتی مۆسکۆ وەرگرتووە (Aid,2015).

"یەکێك لەدەرەنجامە گرنگەکان، ئەوەیە: بەهۆی جەنگی تیرۆرو جەمسەرگیریی و دابەشبونی هەرێمایەتییەوە، خۆرهەلاتی ناوەڕاست، لەڕووی ئابورییەوە، ووردو خاش ئەبێت، ئەوەی ئەمێنێتەوە، ئێران و تورکیایە، بەدوو ئەگەر: یان ئەوەیە دوای ڕێککەوتنی ئەمریکاو ئێران لێك نزیك ئەبنەوە، ئێرانیش ڕۆڵی نێوەندگیریی ببینێت لەنێوان ڕووسیاو ئەمریکادا، وە یان ئێران و تورکیاش ڕووبەڕووی یەك ئەکرێنەوە و تووشی ئاشوبیان ئەکەن".

## ٤-٤-٣. هەڵبژاردن لە( ٢٠١٥ ): کەوتنی حزبی فەرمانڕەوا لەتورکیا کورد هەرەسی بەئاکپارتی هێنا!

سروشتی سیاسەتی ناوخۆیی تورکیا وایە کەناوبەناو ئەکەوێتە لەرینەوە (هەززە).. لەهەڵبژاردنی ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٥دا تورکیا جارێکی تر تووشی هەززە بویەوە، بەیەکجار نرخی پارەکەی (لیرە) دابەزی، قەیرانە سیاسییەکانی دوو هێندە بون، مەسەلەی کورد بۆ یەکەمجار لەخەباتی مەدەنی و دیموکراتیخوازیی شارەکاندا گەیشتە ترۆپك و، کورد بەربەستی (١٠٪) تێپەڕاندو (٨٠) کورسی لەپەرلەمانی تورکیا مسۆگەر کرد، بۆ یەکەمجار کورد لەتورکیا وەکو حزب بەشداری ئەکەن و ئەچنە پەرلەمانەوە، ئەبنە هۆی ئەوەشی ڕێگە لەخەونی سوڵتانی حزبی دەستەڵاتدار(Masrawy,2015).

ئەردۆگان لەکۆی (٥٥٠) کورسی پەرلەمانی خەونی بە(٤٠٠) کورسیەوە بینی بو، بەڵکو سیستەمەکە بکاتە سەرۆکایەتی و ببێتە ئیمپراتۆر، لەو پێناوەشدا بەپێی دەستوری تورکیا سەرۆکی وڵات ئەبێت بێلایەن بێت لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، لەکاتێکدا سەرۆك کۆمار "ئەردۆگان" بەپێش چاوی میدیاکانەوە، شاربەشارو گەڕەك بەگەڕەك ئەگەڕا دەنگی بۆ حزبەکەی کۆئەکردەوە، لەیەکەم ڕۆژی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە تا ڕۆژی هەڵبژاردن چەندین خروقات تۆمارکران، وەکو تەقینەوەی بۆمب لەبەردەم بارەگاکانی لیستی "هادەپ"و بریندار بون و گیان لەدەستدانی چەندین کەس .(Guardian, 2015). دواجاریش ئەردۆگان نەك خەونی ئیمپراتۆریەتی بەدی نەهێنا،، گەیشتە ئەوەی نەیتوانی بەتەنها حکومەتیش پێك بهێنێت، پێویستی بەڕێککەوتن بوو لەگەڵ لیستێکی تر تا حکومەتێکی ئیئتیلافی دروست بکات

ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەتورکیا چاودێرانیان خستە بەردەم چەندین پرسیار سەبارەت بەئایندەی تورکیاو ململانێکان لەناوچەکە، حزبی دەستەڵاتداری کۆنزێرڤات (AKP) (٤٠،٨٧%) کەدەکاتە (٢٥٨) کورسی بەدەست هێنا، هەروەها جەهەپە (CHP) وەك حزبێکی سیکۆلاری ڕەگەزپەرست (١٣٢) کورسی و، مەهەپە وەك حزبێکی نەتەوەیی تورکی (٨٠) کورسی و،کوردیش بۆیەکەمجار لەمێژوودا (٨٠) کورسی مسۆگەرکرد ."وەك لەم خشتەیەدا ڕوون کراوەتەوە"

| Party | Ideology | Vote percentage | Vote taken | Seat in the Parliament |
|---|---|---|---|---|
| AKP | Conservative | 40.87% | 18,863,832 | 258 |
| CHP | Seculer | 24.95% | 11,518,404 | 132 |
| MHP | Turkish nationalist | 16.29% | 7,519,103 | 80 |
| HDP | Kurdish nationalist | 13.12% | 6,058,150 | 80 |

Source: High Council of Election

ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کێشە نێوخۆییەکانی حزبەکەی (ئەردۆگان)ی قووڵترکردەوە، سەرۆك وەزیران "داود ئۆغلۆ" کەوتە وتوێژ کردن لەگەڵ لایەنەکانی تر، بۆ پێکهێنانی حکومەت، لەگەڵ هیچ پارتێکدا نەگەیشتنە ڕێککەوتن (Guardian,8 June 2015). پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کورد تێکچوو، شەڕ لەگەڵ کوردو پەکەکە دەستی پێکردەوە، لەپەلامارێکی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا لەباشوری کوردوستان زیاتر لە(٢٠) هاوڵاتی مەدەنی بوون بەقوربانی، بەبیانوی ئەوەی هێرش ئەکەنە سەر پەکەکە، هەروەها سوپای تورکیا ئابلۆقەی شارە کوردییەکانی داو، پێکدادانی زۆر ڕوویدا، دەیان هاوڵاتی و سەرباز بونە قوربانی.. هەر بەوەوە نەوەستا لەئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، لەکاتی

نارەزایی دەربڕینی چەند هاوولاتیەکی تورکی سەر بەپارتەکانی تردا، لە(١٠/١٠/٢٠١٥) پۆلیس تەقەی لەخۆپیشاندەران کردو، لەئاکامدا (٨٠) هاوولاتی بوون بەقوربانیو، سەدانی تریش برینداربون.. لەشارەکانی تورکیا هوتافو خۆپیشاندان دژی حکومەتو حزبی دادوگەشەپێدان دەستی پێکرد (Masrawy,2015).

لەبەرئەوەی دوای(٥) مانگ لایەنەکانی تورکیا نەگەشتنە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەت، دادوگەشەپێدانیش ئەوەندەی دەنگ نەهێنابو تا حکومەت بەتەنها پێك بهێنێت، لە(١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥) هەڵبژاردنی پێشوەخت کرایەوە، تیایدا وەك سوپرایزێك حزبەکەی ئەردۆگان دەنگەکانی زۆر زیادی کردو، توانی (٤٩،٥٪) دەنگەکان بهێنێت، بەمەش (٣١٦) کورسی لەکۆی (٥٥٠) کورسی پەرلەمانی بەدەست هێناو،گەیشتە ئەوەی بتوانێت بەتەنها حکومەت پێك بهێنێت. هەروەها دەنگی سێ حزبەکەی دیکەش بەتەواوی کەمی کرد (Al-Arabiya,2/11/2015).

"لەواقیعدا، لێرەوە دەرئەکەوێت، ترس لەئەردۆگان، ترس بووە لەحزبو دەستەلاتی ئیسلامی، دەستەلاتی ئیسلامی دژی بەدامودەزگا بون (موئەسەسات)ە، دامودەزگایی واتە جیاکردنەوەی ئەوەی چی هی خۆتەو چی هی خەلکە، بەرقەراربونی یاسایە، بەلام دەستەلاتێکی ئیسلامی کە خەونی ئیمپراتۆریەتیش لەسەریدا هەبێت، واتە: چی خۆم پێم‌وێ ئەوە ئەکەم. بۆیە کۆی میدیای جیهانیو دەولەتانی ناوچەکەو، لایەنە نێوخۆییەکانی تورکیا لەگەلێ ئەوەبونە کەحزبەکەی ئەردۆگان سزا بدرێت، یان سنورێکی بۆ دابنرێت".